# مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانی "کۆشکی باڵندە غەمگینەکان" دا

## لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی دەروونییەوە

**پ.ی. د. ڕێبوار محەمەد ئیسماعیل**
بەشی زمانی کوردی- کۆلێژی پەروەردە - زانکۆی سەلاحەددین
Rebwar.ismael@su.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، کە لە ژێر ناونیشانی (مۆنۆلۆگ لەڕۆمانی" کۆشکی باڵندە غەمگینەکان"دا لە ڕوانگەی ڕەخنەی دەروونیەوە)، کە نووسەرەکەی (بەختیار عەلی)یە، لێکۆڵینەوەیەکە بۆ خستنەڕووی هونەر و تەکنیکی مۆنۆلۆگ لە ڕۆماندا، لە ڕوانگەی میتۆدیڕەخنەی دەروونییەوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بە تەکنیکی مۆنۆلۆگ لە ڕۆماندا کراوە، دوای ئەوەی چەند لایەنێکی گشتی و تیۆری لەسەر ئەم تەوەرە دەخرێتەڕوو، دواتر لە تەوەرەیەکی تردا ئاماژە بە جۆر و خاسییەتەکانی ئەو هونەرە دەکرێت لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە، بەپێی پێکهاتەی گۆشەکانی کەسایەتی تاکەوە، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ ئەم هونەرە کراوە. دواتر لەڕوانگەی ئەم تەوەرە تیۆرییەوە و لەڕووی سایکۆلۆژییەوە باس لە هۆکارەکانی دروستبوونی مۆنۆلۆگ دەکرێت لەرۆمانی " کۆشکی باڵندە غەمگینەکان"دا، لەم بەشەدا بەپێی هۆکارە دەروونییەکان دروستبوونی مۆنۆلۆگ لە لای کارەکتەرەکان خراونەتەڕوو و شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەروونییان بۆکراوە.

**کلیلە وشەکان: ڕەخنەی دەروونی، تەکنیکی مۆنۆلۆگ، گوزارشتی خود، گرێی دەروونی**

**پێشەکی**

ئەم ناونیشانەی سەرەوە، لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر یەکێک لە ڕەهەندە هونەرییەکانی ڕۆمان، کە خۆی لە تەکنیکی "مۆنۆلۆگ" دەبینێتەوە. بێگومان مۆنۆلۆگ وەک هەر تەکنیکی تری پەیوەست بە دەقی چیرۆک و ڕۆمان، بنەما و خاسییەتی تایبەت بەخۆی هەیە، جۆر و شێوازی بەرجەستەبوونی جۆراوجۆری هەیە، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە فکری و تەکنیکییانە بوو، کە بەسەر ژانری ڕۆماندا هاتووە لەڕەوتی مێژووی خۆیەوە.

ئەم ژانرە لە مێژووی سەرهەڵدانی خۆیەوە تا ئێستا پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە لەڕووی ناوەرۆک و ڕوخسار و توخم و تەکنیک و زمان و کەرەستە پێکهێنەرەکانی ترییەوە، توانی بەهۆی ئەم پێشکەوتنە خۆی لە فۆڕمێکی بەرزی هونەری بەرجەستە بکات و خۆی لە چوارچێوەی کۆن و گێڕانەوەی سادە و ساکار ڕزگار بکات. بۆیە ڕۆمانی نوێ بە تەواوەتی ڕزگار بووە لە شێوازی خستنەڕووی ڕەگەزی کۆن لە وانەش گێڕانەوە، لە ئێستادا چەندین تەکنیکی گێڕانەوە سەریان هەڵداوە، کە ڕۆماننووس پەنایان بۆ دەبات و لەو ڕێگایەوە پرۆژە فکری و دنیابینەکانی خۆی دەردەبڕێت و گوزارشت لە هەست و سۆز و لایەنە دەروونییەکانی دەکات. بۆ ئەمەش سوودی لە بوارو زانستەکانی تر وەرگرت لەوانە دەروونزانی، کە ڕۆماننووس بەهۆیەوە هەوڵدەدات زیاتر گرنگی بە لایەنی دەروونیی کارەکتەرەکان بدات، زیاتر بۆ نەست و نائاگاییی دەروونیان شۆڕبیتەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە لە ڕۆماندا تەکنیکی مۆنۆلۆگ دێتە پێشەوە، کە وەک یەکێک لە تەکنیکە نوێیەکانی گێڕانەوە، ئەم ئامانجە دەروونییە دەپێکێت، نووسەر وەک ڕێگەیەکی شاراوە بەکاری دەهێنێ بۆ چوونە ناو نەستی کاراکتەرەکانەوە، هەر لەو ڕێگەیەشەوە دۆخە دەروونییەکان و چەپاندن و حەز و ئارەزووە شاراوەکانی کاراکتەرەکان بۆ خوێنەر بەرجەستە دەکات، بەپێی لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەروونی و بەپێی میتۆدی دەروونشیکاری

نەست و نائاگایی خودی نووسەریش بۆ لێکۆڵەر دەردەکەوێت، بۆیە مۆنۆلۆگ لەڕووی سایکۆلۆژییەوە وەک میکانیزمێکی بەرگر دەروونی سەیر دەکرێت، کە تاک بەهۆی کۆمەڵێک گرێ و گرفتی دەروونی و هەڵچوونی خۆش و ناخۆشەوە پەنای بۆ دەبات و بەهۆیەوە گوزارشت لە خود و گۆشەکانی پێکهاتەی کەسایەتی خۆی دەکات.

ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)، کە لە نووسینی "بەختیار عەلی"یە کۆمەڵێک کاراکتەری لە خۆ گرتووە، وەک هەموو تاکێک، کە لەناو کۆمەڵگادا بوونیان هەیە بەهۆی کێشەی جیاجیاوە دوچاری پشێوی دەروونی و دۆخ و گرێی دەروونی جیاجیا بوونەتەوە، لەم ڕۆمانەدا ئەو وێنەی ئەو تاکە دەبینین، کە خاوەنی کۆمەڵێک حەزو ئارەزووی سەرکوتکراوە و دەروونێکی ماندوو و نیگەرانی هەیە و تاکێکی چەپێنراوە، بەهۆی ئەم دۆخە دەروونییەشەوە ئەو کاراکتەرانە وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونی پەنا بۆ مۆنۆلۆگ دەبەن، نائاگاییانە دەیانەوێت لەڕێگەی بەهاوڕێیکردن و بەکەسکردنی خودی خۆیانەوە گوزارشت لەو چەپاندن و نیگەرانییە دەروونییانە بکەن، کە بووەتە سترێسێکی دەروونی لەسەریان.

لە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ڕێبازی (وەسفی ـ شیکاری دەروونی) پەیڕەو کراوە، دوای ئەوەی وەسفی چەمکەکان کراوە و زانیاریی تیۆری لەسەر چەمکی مۆنۆلۆگ و جۆر و هۆکارەکانی خراوەتەڕوو، ئینجا لەسەر بنەمای ئەو وەسف و زانیارییانە کاری پراکتیکی لەسەر دەقی ئەو مۆنۆلۆگانە کراوە، کە لە کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانی "کۆشکی باڵندە غەمگینەکان "دا بەرجەستەکراوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکییەک و سێ تەوەرە پێکدێت: تەوەرەی یەکەم ناساندنی چەمکی مۆنۆلۆگ و جۆرەکانی لەخۆگرتووە، لە تەوەرەی دووەمدا باس لە مۆنۆلۆگ دەکات لە ڕوانگەی سایکۆلۆژی بەپێی گۆشەکانی پێکهاتەی کەسایەتی تاکەوە. لە تەوەرەی سێیەمدا ئاماژە بە شێوازی مۆنۆلۆگی ڕۆمانەکە دەکات لەڕووی دەروونییەوە، ئینجا باس لە چەند هۆکارێکی

دروستبوونی مۆنۆلۆگ دەکات لەڕووی سایکۆلۆژییەوە وەک هۆکارەکانی: (ترس، خەمۆکی، تووڕەیی، هەستکردن بەکەمی، دڵەڕاوکێ)، بۆ هەر هۆکارێک چەندین مۆنۆلۆگی ناو دەقی ڕۆمانەکە بە نموونە هێنراوەتەوە و شیکردنەوەیان بۆ کراوە.

لە کۆتاییشدا ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چەند خاڵێکدا کورت کراونەتەوە، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

### ١ـ١. چەمک و پێناسەی مۆنۆلۆگ

مۆنۆلۆگ وەک یەکێک لە تەکنیکە تازەکانی ڕۆمانی سەردەم، بایەخێکی نوێی بە هونەری ڕۆمان بەخشی، ڕێگایەکی نوێی کردەوە بۆ گێرانەوە لە چیرۆکی نوێ و ڕۆمانی سەدەی بیستەم. لەڕێگەی ئەم تەکنیکەوە ڕۆماننووس دەچێتە ناو قووڵایی هۆش و ناهۆشی کاراکتەر و لە دڵ و دەروونی کەسایەتییەکان و دیوی ناوەوەیان ورد دەبێتەوە، واتە (مۆنۆلۆگ جۆرێکە لە گێڕانەوە تیایدا ئەزموونەکانی ناوەوە و سۆزی کارەکتەرە جیاوازەکان لە ئاستە جیاجیاکانی زەین بەر لە دەربڕین دەنوێنێت) (پیرداود. ٢٠١٥،١٧٤). یەکێک لە بایەخ و خاسییەتەکانی ئەم تەکنیکە هونەرییە ئەوەیە، کە ئازادییەکی تەواو بە پاڵەوان و کاراکتەرەکان دەبەخشێت بۆ ئەوەی قووڵببنەوە بەناو نهێنی و لایەنە شاراوەییەکانی عەقڵ و دەروونیان، نەست و ئەو لایەنە شاراوانەی تاک بەرجەستە دەکات، کە جگە لە خودی مرۆڤ خۆی نەبێت هیچ کەسی تر ناتوانێ هەستی پێبکات، بێ هیچ بەربەستێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و یاسایی گوزارشت لە چەپاندن و حەزە یاساغەکان دەکات، بێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ وەڵام و کاردانەوەیەکی نەرێنی بێت لە دەوروبەری خۆی، چونکە ئەم میکانیزمە لە بازنەی خودەوە ئەنجام دراوە و کاراکتەر لەگەڵ خودی خۆی سەرقاڵی تاوتێکردن و لێکدانەوە و باسکردنی گرفت و هاوکێشەکانە، بۆیە (مۆنۆلۆگی ناوەوە ئارامیش بە کارەکتەر دەبەخشێت

چونکە زۆر بیرو بۆچوون و نهێنی و حاڵەتی ویژدانی هەیە مرۆڤ ناتوانێت لە لای هیچ کەسێکی دیکە بیدرکێنێت بۆیە پەنا دەباتە بەر ناخی خۆی و لەگەڵ ناخی خۆیدا دەدوێت و باری سەرشانی سووک دەبێت و هەست بە ئارامییەکی لەڕادەبەدەر دەکات) (سەعید،١١٦،٢٠١٠). ئەوەش وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونی کاریگەرییەکی ئەرێنی بەسەر باری دەروونی تاک هەیە و هەوڵێکە بۆ دەستەبەرکردنی هاوسەنگی دەروونی تاک، کە ئەمەش لە ڕێگەی تیۆرەکانی دەروونشیکاری بۆنموونە بە (بە سوود وەرگرتن لە شیکردنەوەی دەروونی و تیۆرەکانی فرۆید لە بارەی ئاگایی، کە بریتییە لە کەشفکردنی هەستی ڕاستەقینەی کەسایەتییەکان و دەرخستنی بیرکردنەوەی ناوەوەیان و ژیانی ڕاستەقینەی ناوەکییان) (خورشید، ٢٠١٥، ١٨). بەو ڕاستییە دەگەین و دەتوانین لە بەهای تەکنیکی مۆنۆلۆگ بگەین لەڕووی هاوسەنگی دەروونییەوە.

ڕەخنەگری بەناوبانگ ڕۆبەرت همفری، کە لە پەرتووکەکەی بە ناوی "شەپۆلی هۆش لە رۆمانی نوێدا" تیایدا زۆر بە وردی باسی ئەم تەکنیکەی گێڕانەوە دەکات، بە پێویستییەکی هونەری ڕۆمانی نوێی دادەنێت، بۆیە ئاماژە بەو ڕۆمانانە دەکات، کە ئەم تەکنیکەیان بەکارهێناوە، "ڕۆبەرت همفری" بەم شێوەیە پێناسەی ئەو تەکنیکە دەکات و دەڵێت: (ئاخاوتنێکی کەسییە، کە لەڕوانگەی بابەتەکەیەوە پێشکەشمان دەکات و ڕاستەوخۆ دەچێتە نێو گیانی ناوەخۆیی ئەو کەسە، ئەویش لەڕێگەی ئاماژە و توانجەکانییەوە) (همفری، ٢٠١٥، ٥٨) ڕۆماننووس دەیەوێت لەڕێگەی مۆنۆلۆگەوە ئامانجێکی شاراوە بپێکێت، چونکە بە سوود وەرگرتن لەم تەکنیکە هەوڵدەدات بچێتە قووڵایی ناخ و دەروونی کارەکتەر و گوزارشت لە ئەزموونی ژیانی شاراوە و کەبتەکان و بارودۆخە سایکۆلۆژیاکانی ترمان بۆکات چۆنیەتی بیرکردنەوەکان بەرجەستە بکات، هەروەک چۆن "رۆبەرت همفری" دەڵێت: (مۆنۆلۆگ ئەو جۆرە تەکنیکەیە، کە بە مەبەستی پیشاندانی باری دەروونی کارەکتەر و کردارە سایکۆلۆژییەکانی بە کاردێت، بە بێ قسەکردنی کەم یا زۆر لە چرکەیەکدا، کە

له چەند ئاستێکی جیاوازی هۆشدان، پێش ئەوەی وەک دەربڕین پێبگەن و بتوانرێت به مەبەست به شێوەی وشه و ڕسته گوزارشتیان لێبکرێت) (همفری، ٥٩).

بەم شێوەیه مۆنۆلۆگ جگه له ئەرکه دەروونییەکەی و بەوەی، که گوزارشتکردنه له بارودۆخه دەروونییەکانی کارەکتەر سەرجەمی مەبەست و ئاخاوتنەکانی کاراکتەرمان نیشان دەدات، که هێشتا نەکەوتووەته بەر دەسته بژێری ڕێکخستنی ڕێزمان و یاساکانی عەقڵ و قەدەغەکراوەکانی تر، بۆیه (وەکو خۆی چۆنه وا وەردەگیرێت، واته ئاخاوتنێکه له قۆناغی بنچینەیی خۆیدا که نەقرتاوه ، پێش ئەوەی له لایەن نووسەرەوه ڕێکبخرێت) (سەعید، ١١٦). به شێوەیەکی گشتی مۆنۆلۆگ وەکو تەکتیک نوێیه، له ڕۆمانی نوێدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت له گێڕانەوەی ڕووداوەکان.

مۆنۆلۆگ تایبەتمەندیی خۆی هەیه، که جیاوازی هەیه لەگەڵ تەکنیکەکانی تر، ئەگەر به جیاوازی بچووکیش بێت ڕەخنەگران له تایبەتمەندییان دیاری کردووه، هەر چەنده هەندێک لێکۆڵەر سنووری مۆنۆلۆگ و شەپۆلی هۆشیان تێکەڵ بەیەکتری کردووه، بەڵام دواجار وەک دوو تەکنیکی جیاواز له ڕۆمانی نوێدا بوونی خۆیان دەسەلمێنن، واته (مۆنۆلۆگ زاراوەیەکه زۆربەی جار لەگەڵ شەپۆلی هۆش تێکەڵ بەیەکتر دەکرێن، بەڵام مۆنۆلۆگ وردتر له شەپۆلی هۆش بەکاردێت، له بەر ئەوەی زاراوەیەکی ڕەوانبێژییه و بەشێوەیەکی گونجاو و زیاتر تەکنیکێکی ئەدەبییه) (ئیبراهیم، ٢٠١٥، ٣٨). هەرچەنده هەردوو تەکنیک گوزارشت له دڵ و دەروون و جیهانی ناوەوەی کارەکتەر دەکەن و پەیوەندییان به دیوی ناوەوەیان هەیه، بەڵام هەریەکەیان بارودۆخ و زەمینەیەکی جیایان هەیه. کەواته مۆنۆلۆگ تەکنیکێکی جیایه نابێت سنووری تێکەڵ به تەکنیکی تر بکرێت تاوەکو بتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت له گێڕانەوەکاندا و ئامانجی خۆی بپێکێت.

**٢.١. جۆرەکانی مۆنۆلۆگ**

مۆنۆلۆگ وەک یەکێکە لە تەکنیکە هونەرییە گرنگەکانی ڕۆمان، ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێ لە پرۆسەی گێڕانەوەی ڕووداو و بەرجەستەکردنی چێژی گێڕانەوە لە ژانری چیرۆک و ڕۆماندا، واتە جۆرێکە لە بەرجەستەکردنی مەبەست و خواستی کاراکتەر، کە ڕۆماننووس لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت دیوی ناوەوە و کردارە دەروونییەکانی کارەکتەر بخاتەڕوو، تا خوێنەر ئاشنای جیهانی ناوەوەی کاراکتەر بێت و شارەزایی لەسەر بیرو بۆچوون و جیهانبینییەکانی ئەو کاراکتەرە بەدەست بێنێت و درک بە ویست و حەز و ئارەزووە شاراوەکانی بکات. لەو ڕێگەیەوە ڕۆماننووس چاوی خوێنەر دەکاتەوە و ناخی کاراکتەر و مەبەستە شاراوەکانی کاراکتەر لەگەڵ وەرگر ئاوێتە دەبێت. لەبەر گرنگیی ئەرکی مۆنۆلۆگ و پەیوەستبوونی بەرەهەندە شاراوەکانی کاراکتەرەوە، هونەری مۆنۆلۆگ چەندین جۆری دابەشکردنی بۆ کراوە لە لایەن لێکۆڵەر و شارەزایانی بواری چیرۆک و ڕۆمان.

بۆیە دەبینین لە دانانی جۆرەکانی مۆنۆلۆگ و پۆلێنکردنی جۆرەکانی مۆنۆلۆگ ڕەخنەگران بۆچوونێکی دیاریکراویان نییە بەڵکو (جۆری مۆنۆلۆگ بەپێی ئەو ڕاناوەی کە تێیدا بەکاردەهێنرێت دیاری دەکەن ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە، کە پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان مۆنۆلۆگ و ڕاناوەکاندا هەیە بۆ دەستنیشانکردنی جۆری ئەو مۆنۆلۆگەی، کەڕۆماننووس لە گێڕانەوەی ڕۆماندا بە کاری دەهێنێت) (خدر، ٢٠١٢ ، ١٧٧). بۆ ئەمەش بۆچوونی زۆر لەم بارەیەوە خراوەتەڕوو، هەر چەندە لە هەندێک بۆچووندا لێکچوون بەدی دەکرێت. "ڕۆبەرت همفری" لە کتێبی"شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی نوێدا" مۆنۆلۆگ بە سەر دوو جۆری سەرەکی دابەش دەکات، کە خۆی لە (مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ و مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ)دا دەبینێتەوە. کە هەندێکی چەندین جۆری تری وەک خۆدواندن و مۆنۆلۆگی هۆشیار و ناهۆشیار و مۆنۆلۆگی درامی و شەپۆلی هۆش بۆ زیاد و کەم دەکەن، یاخود مۆنۆلۆگ بە شێوازێکی شەپۆلی هۆش دادەنێن، بڕوانە لەبەر ئەوەی خستنەڕووی

هەموو ئەو بیرو بۆچوونانە لە ئامانجی توێژینەوەکە دوورمان دەخاتەوە، بۆیە لێرەدا تەنیا ئاماژە بە دابەشکردنێکی دیاریکراو دەکەین بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بۆ مەبەستە دەروونییەکەی مۆنۆلۆگ بڕۆین، لەڕووی بنیاتەوە دەکرێت بە سێ جۆرەوە بەم شێوەیە (مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ، مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ، خۆدواندن) (ئەلوەنی ، ٢٠١٧ ، ١٦١).

### ١-٢-١. مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ

یەکێکە لە جۆرەکانی مۆنۆلۆگ کە ڕۆڵ دەگێڕی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان و چیرۆک لەم جۆرەدا کاراکتەر ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودی خۆیدا دەدوێت، بێ ئەوەی نووسەر بەشداری بکات یاخود هەست بە بوونی بکرێت گریمانەی ئەوەش ناکرێت گوێگری هەبێت. "ڕۆبەرت همفری" لە بارەی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆدا دەڵێت: (ئەو جۆرە مۆنۆلۆگەیە، کە گرنگی بە دەستتێوەردانی نووسەر نادات، واش دادەنێت، کە هیچ گوێگرێک لە ئارادا نییە) (همفری، ٦٠). وەک ناسەرەوەیەک لە ئەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا کاراکتەر لە ڕێگەی جێناوی کەسی یەکەمە تاکەکان گوزارشت لە ناخی خۆی دەکات، وەرگر بە ئەم جێناوە دەزانێت کە کاراکتەرە لە دۆخی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆدایە، بۆیە (ئێمە هەست بەوە دەکەین، کە کەسایەتییەکە خۆی دەدوێت کەسێک نەیهێناوەتە دواندن تاکو گرێی لێ بگیرێت. کەچی لە واقیعدا نووسەر و خوێنەر هەیە بەڵام لە کاتی خوێندنەوە و گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا دەبێ هەست بە بوونیان نەکرێت. بەمەش کەسایەتییەکە سەربەخۆ دەبێت لە دەربڕینی ئەو هەڵوێست و کردارە سایکۆلۆژیانەی، کە لە دەروونیدا هەیە) (خدر، ١٧٩). لەم جۆرە مۆنۆلۆگە لەبەر ئەوەی شێوازی خستنەڕووەکە بە جۆرێکە، کە تێدا نووسەر و خوێنەر و گوێگر بێ ئاگا کراوە، لە لەو مۆنۆلۆگەی کاراکتەر ئەنجامی دەدات، بۆیە لێرەدا کاراکتەر هەست بە بوونی سەربەخۆییەکی دەروونی دەکات، دوور لە سانسۆر و بەربەستەکانی منی باڵا کەبت و حەز و ئارەزوو و خۆشی و ناخۆشییەکانی خۆی دەردەبڕێت،

زۆر بە ئازادانە هەست و سۆز و بۆچوونەکانی دەردەبڕێت، ئەمەش خوێنەر زیاتر بە نهێنییە شاراوەییە دەروونی عەقڵییەکانی کاراکتەر ئاشنا دەکات. ئەم هۆیانە وای کردووە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ بە بایەختر دابنرێت بە بەراورد بە جۆرەکانی تر.

### ١-٢-٢. مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ

لە مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ، کەسێکی تر دێتە ناو بازنەی تاکەکەسی کاراکتەرەوە، هەست بە ئاگاداربوونی نووسەر یان گێڕەرەوە دەکرێت لە ناو پرسەکەدا. لەڕووی شێوازی زمانیشەوە جێناوە کەسییە سەربەخۆییەکانی دووەم و سێیەمی تاک جێگەی کۆمەڵەی یەکەمی تاک دەگرنەوە. واتە مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ (ئەو جۆرە مۆنۆلۆگەیە، کە "حەکایەتخوانی هەمووشتزان" بابەتێک پێشکەشی دەکات وەک ئەوەی لە ئاگایی کارێکتەرێکەوە هەڵقولابێت، لەگەڵ ڕێپیشاندانی خوێنەر بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەم بابەتەوە ڕێگا بۆ خۆی بدۆزێتەوە، ئەویش لە بەهۆی لێدوان و وەسفەوە، جیاوازی سەرەکی ئەم مۆنۆلۆگە لەگەڵ مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆدا ئەوەیە، کە نووسەر لە نێوان زەینی کاراکتەر و خوێنەردا دەستێوەردان دەکات، ئەم مۆنۆلۆگە سیفەتی سەرەکی مۆنۆلۆگی ناوەکی وەردەگرێت بەوەی ڕاستەوخۆ لە ئاگاییەوە دەردەکەوێت، لە بەرگی زمانیی کاراکتەر و لە تایبەتمەندێتی پرۆسە زەینییەکانی ئەوەوە پێشکەشی دەکات) (همفری، ٦٦). لەم جۆرە مۆنۆلۆگە نووسەر دەسەڵاتی بە سەر کاراکتەرەوە هەیە وەک ئەوە وایە کەنووسەر چووبێتە ناواخنی ناخ و دەروونی کاراکتەر و لەلایانە شاراوەکانی بدوێت، لەمەشدا لەڕووی دەروونییەوە، بەپێی میتۆدی دەروونشیکاری چونکە نووسەر چووەتە ناو ناخ و زەینی کاراکتەرەوە و پێکهاتەی کەسایەتی نووسەر لەگەڵ کاراکتەر ئاوێتە دەبێت، بۆیە بەشی "منی باڵا"(super ego)ی نووسەر دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دەربڕینی ڕەهایانەی کاراکتەردا، بە لەبەر چاوگرتنی بەشی "من" (Ego)ی نووسەر، بەشی"ئەو"

(ID)ی كاراكتەر گوزارشت له خۆی دەكات. یاخود بەپێچەوانەوە نووسەر له سەر بەرپرسیارییەتی بەشەكانی "من و منی باڵای" كاراكتەر دۆخی چەپاندنی خۆی دەردەبڕێت.

### ١-٢-٣. خۆدواندن

خۆدواندن به جۆرێكی تری مۆنۆلۆگ دادەنرێت، كه ڕۆڵی خۆی هەیه له گێڕانەوەدا، (له بنچینەدا ئەوه تەكنیكی شانۆی كۆنه لەگەڵ شانۆیی گریگی له دایك بووه، كەسایەتییەك لەسەر شانۆ یەك لایەنانه خودی خۆی دەدوێنێت، به بیستنی ئەو قسانه لەلایەن جەماوەر) (خورشید، ١٠٢). بەهەمان شێوه ئەم هونەره له چیرۆك و ڕۆمانیشدا بەكارهاتووه، یارمەتیدەرێكی باشه بۆ نووسەر، كه له چیرۆك و ڕۆماندا پەنای بۆ دەبات (كاتێك گێڕەوەوه نەیتوانی باسی هەموو نەهامەتییەكان بكات به تەنیا، كه دڵ و دەروونی كاراكتەری داپۆشیوه، واته نەبوونی دەسەڵاتی گێڕەوەوەی هەموو شتزان بەسەر ئەو هەموو شتانه) (خورشید، ١٠٢). كاتێك ئاڵۆزی دەروونی و غەم و كێشه و خۆشی و ناخۆشییەكان له دەروونی تاكێكدا پەنگ دەخواتەوە، تاكەكه له دوای ئەوەی له زەینی خۆیدا لێكدانەوەیان بۆ دەكات به مەبەستی چارەسەركردن ، بۆیه وەك هاوڕێیەك لەگەڵ خودی خۆی دەكەوێته دواندن و قسەكردن به جۆرێك، كه دەنگی ببیسترێت. بۆیه ئەمەش (هەر ئەو مۆنۆلۆگەیه كه لەناو دەروونی كاراكتەردا پەنگی خواردبوویەوه و ئێستا كەوتۆته سەر زمان، هەست و بیری خۆی به دەنگی بەرز دەردەبڕێت بۆ ئەوەی گوێگر له مەبەست و خواستەكانی بگات) (عبدالسلام، ١٩٩٩، ١٢٦). خۆدواندنیش گرنگیی خۆی هەیه لەڕووی دەروونییەوە، چونكه بەرجەستەكردنی نەست و بەشی نائاگاییانەی كاراكتەره، جیاوازه له مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، خۆدواندن (جۆرێكی دیكەی شێوازەكانی گواستنەوەی ناواخنی زەینی كارەكتەره) (ئەلوەنی، ١٦٣) بەشێك

لە لایەنە شاراوەکانی ناخ و دەروونی کاراکتەر بە هۆی خۆدواندن دەخرێتە بەر هەستی گوێگر بێ ئامادەبوونی نووسەر .

**٢-١. مۆنۆلۆگ لە ڕوانگەی گۆشەکانی کەسایەتییەوە**

پێکهاتەی کەسایەتی دەروونی لە ڕوانگەی فرۆیدەوە بریتییە لە سێگۆشەیەک، کە دژ بەیەکتر دەوەستنەوە، بەپێی ئەم هاوکێشەیە کەسایەتی لە سێ بەش پێکدێت، لە ڕێگای ئەم بەشانەوە دەتوانین لە نهێنی و ڕەفتارە شاراوەکانی تاک بگەین، چونکە (بەبڕوای فرۆید ئێمە بەهۆی پشتبەستن بەم سێ ئاستە لە زۆربەی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەگەین، لەڕێگای پشتبەستن بەو ململانێیانەی کە لە نێوان ئەم سێ ئاستەی هەستدا دروست دەبن، شتە شاراوەکانمان بۆ دەردەکەوێت، بۆ ڕوونکردنەوەی سروشتی ئەم ململانێیانە، فرۆید گریمانەی بوونی سێ گرووپی کرد)(مەلازادە، ٢٠١٦، ١١٥). ئەم سێگۆشەی کەسایەتییەش بریتین لە: ("من (Ego)، ئەو (Id)، منی باڵا (Super Ego)").

**٢-١-١. من (Ego)**

ئەم بەشەی کەسایەتی ئەو ئاستە هەستپێکراوەیە، کە لە دەرەوەی مرۆڤدا خۆی دەنوێنێ، تاکی ناو کۆمەڵگا نوێنەری ئەو بەشەیە، واتە خودی ئەو کەسە دەگرێتەوە کە لە ناو کۆمەڵگادا هەستی پێدەکرێت، گۆشەی من (ئەو بەشەیە لە کەسایەتی مرۆڤ کە دەکەوێتە نێوان جیهانی دەرەوەو داواکارییەکانی "ئەو" بەپێی مەبدەئی واقیع هەڵسوکەوت دەکات و وەک ناوبژیوانێک وایە لە نێوان سێ زلهێزدا، فرۆید دەڵێت ئەرکی گۆشەی "من" زۆر قورسە، چونکە زۆر سەختە کە مرۆڤ لەیەک کاتدا خزمەتکاری دوو ئاغا و کەڵەگا بێت، کەچی من لەهەمان کاتدا بەرەنگاری هەر سێ جیهانی "ئەو" و "منی باڵا" و "جیهانی دەرەوە"ش دەبێتەوە) (قەرەچەتانی،٢٠٠٧، ٢٠٤-٣٠٥). لەم ڕوانگەیەوە ئەو جۆرە مۆنۆلۆگەی لەم گۆشەیەوە سەرچاوە

دەگرێت، شێوازی ناوبژیوانانەی هەیە و گفتوگۆیەکی میانڕەوانەیە، دەیەوێت حەزو ئارەزوو و دواکارییەکانی "ئەو ، منی باڵا" لەگەڵ بنەماکانی واقیع و کۆمەڵگا بگونجێنێت، واتە ئەگەر هاتوو مۆنۆلۆگەکە حەز و غەریزە و داواکارییەکی "گۆشەی ئەو" لەلایەن "گۆشەی منی باڵا" بە مۆنۆلۆگێکی تر دژایەتی کرا و ڕێگری لێکرا، لێرەدا ئەو کاراکتەرە دەیەوێت هاوسەنگییەک دروست بکات لە نێوان داواکارییەکانی "گۆشەی ئەو" و دژایەتییەی "منی باڵا"، بۆیە ئاخاوتن و بیرکردنەوەی هەوڵی چارەسەرکردنی تێدایە و گونجانی لە خۆ گرتووە ئەو جۆرە مۆنۆلۆگە لە دەروونی " ئیگۆ " سەرچاوە دەگرێت. چونکە داواکاریەکانی "ئید "ی بە شێوەیەکی ڕێگاپێدراو جێبەجێ کرد. کەوایە لە هەمانکاتدا هەم ئارەزووەکانی " ئەو " کەبەپێی بنەمای چێژ ڕەفتار دەکات و هەم داواکاریەکانی "منی باڵا "ی فەرامۆش نەکرد، کەواتە ئەگەر مۆنۆلۆگی ناو دەق بە ئەم شێوەیە بوو، کە باسمان کرد ئەو کاتە دەزانین، کە لەدەروونی "ئیگۆ" سەرچاوەی گرتووە و ئەو کەسە لەڕووی دەروونییەوە لەو کات و ساتەدا خاوەنی دەروونێکی هاوسەنگ و کەسایەتییەکی ئاسایی و گونجاوە.

**٢-١-٢. ئەو (ID)**

گۆشەی ئەو (ID) ئەو بەشەیە لە کەسایەتی مرۆڤە، کە هەموو ڕەمەک و چەپاندن و حەز وئارەزووەکانی مرۆڤی لەخۆ گرتووە، بەردەوام هەوڵی تێرکردنیان دەدات و فشار لە تاک دەکات بۆ داواکارییەکانی خۆی بێ ئەوەی گوێ بە هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی و ئاینی و ئاکاری بدات. بۆیە گۆشەی ئەو (ئەو بە سندوقی ڕەش ناو زەند کراوە، کە هەموو نهێنییەکان و حەزو ئارەزووەکان و چێژو غەریزەکان و خاڵە لاوازەکانی مرۆڤ تۆمار دەکات، (٧٠%) ی کەسایەتی مرۆڤ داگیر دەکات، ئەو هەموو کات پێمان دەڵێ ئەوەی خۆت حەزت لێیە بیکەو حەزە چڵێسەکان تێر بکە بە بێ گوێدانە یاساو دابو نەریت و کۆمەڵ و ئایین و دەوروبەر) (حەمەد، ٢٠٠٤، ١٥٩). گۆشەی

ئەو "Id" ئەو هۆڵەیە، کە هەموو پێویستییەکان و حەزە ئاژەڵییەکان و هەروەها ئەو ئارەزووانەی کە تاک نەیتوانیوە لە ژیاندا تێریان بکات، ئەوا لە کۆگایەکدا هەڵگیراون بە ناوی (ئەو "Id")، هەمیشە هەوڵی دەرچوونی خۆیان دەدەن جا ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ لەڕێگای تری وەک (خەون و نەخۆشی و هەڵەی زمان و داهێنانی هونەری و بەرهەمی ئەدەبی) کە حەزەکانی ناو ئەو "Id" لەم دەرچەیەوە هەوڵی تێربوونیان ئەدەن.

هەربۆیە ئەو مۆنۆلۆگەی پەیوەستە بەم گۆشەیەوە، بریتییە لەو بیرکردنەوە و بیرۆکە و گفتوگۆیە خودییەی تاک، کە هەستی تۆڵە و حەزو ئارەزووە یاساغەکان و ڕەمەک و چەپێنراوەکان و شەڕانگێزی و هەستی سادیزم و ماسۆشیزمی تاکی لەخۆ گرتووە، ئەوانە لە بەشی "گۆشەی ئەو"ی کاراکتەردا بوونی هەیە، بەڵام نەیتوانیوە لەبەر کۆمەڵێک یاسا و بنەمای ئایینی و کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکات، ئەوە لەڕێگای مۆنۆلۆگێک گوزارشتیان لێدەکات، واتە ئەگەر مۆنۆلۆگی کاراکتەرێک بریتی بوو لە حەز و ئارەزووە چەپێنراوەکان و ویستی ڕەمەکە یاساغەکان، کە ناتوانرێت بە ئاشکرا گوزارشتیان لێ بکات یاخود دەریانبڕێت و تێریان بکات، ئەوا ئەو جۆرە مۆنۆلۆگە لە دەروونی "گۆشەی ئەو"دا سەرچاوەی گرتووە، هەربۆیە دەتوانین ئاماژە بە ئەمە بکەین، کە مۆنۆلۆگی نێو دەقی ئەدەبی ئەگەر هاتوو باسی کوشتن و کوشتاری و دزی، ستەم و تاوانکاری و دەستدرێژی و جنێودان، و ئارەزووی هێرشکردنە سەر ناموس و سەروماڵی کەسانی تر و هەرجۆرە لادانێکی تر لە داب و نەریت و ئایین و ڕەوشت و یاسا و ڕێسای باوی ئەو کۆمەڵگەیە بوو، کە سۆپەر ئیگۆ نوێنەرایەتییان دەکات ئەوکاتە ئەو جۆرە مۆنۆلۆگە سەر بە دەروونی کەسایەتی "ئید"دەبێت.

### ٢-١-٣. منی باڵا (Super Ego)

گۆشەی "منی باڵا" ئەو بەشەی کەسێتی مرۆڤە، کە لەسەر بنەمای سزا و پاداشت دروست دەبێت و زیاتر سەر بە ئاستی نائاگایی مرۆڤە و تاک بە

پرەنسیبەکانی کۆمەڵگا و داب و نەریت و ئاینەوە پەیوەست دەکات، هەمیشە لەڕێگەی بنەما و بەها بەرزەکانەوە چاودێری ئاکار و مامەڵەی تاک دەکات و تاک لە ویست داواکارییە ناپەسەندەکانی "گۆشەی ئەو" دەپارێزێت، بە پێچەوانەی گۆشەی ئەو "Id" فشار دەخاتە سەر گۆشەی من "Ego" تاوەکو ڕەفتارەکانی مرۆڤ بەرز و نموونەیی بێت و لە چوارچێوەی داب ونەریت و بەها ئایینی و کۆمەڵایەتییەکاندا بێت، دوای ئەوەی کە حەزو ئارەزوویەک لە "گۆشەی ئەو"ەوە بەرز دەبێتەوە ئەوا لە بازگەی منی باڵا (Super Ego) ڕادەگرێت و دوای پێوانەکردنی ئەم حەزو ئارەزووە بە پێوەری پەسەند و ناپەسەند ئینجا بڕیاری دەرچوون یان گەڕانەوەی بەسەردا دەدرێت، واتا منی باڵا (هەوڵدەدات بۆ سەرکوتکردنی پاڵنەرو حەزو ئارەزووەکانی "ئەو" بە تایبەتی ئەوانەی کە سیمایەکی سێکسی و دوژمنکارانەیان هەیە، "منی باڵا" هەوڵ ئەدات کە جیهانی دەرەوەو ناوەوە سەرلەنوێ بەپێی ئارەزوو ئاواتە نموونەییەکانی دابڕێژێتەوە بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت) (قەرەچەتانی، ٢٠٠٥، ٣٠٨). ئەم گۆشەی کەسایەتییەی تاک لە سنووری سیستەم و یاسا و ڕێساکانی ئایین و کۆمەڵگا و واقیع لانەدات، پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر گۆشەکانی "من، ئەو" دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئارەزوو و حەزە فسیۆلۆژییەکانی "گۆشەی ئەو" و تەنیا لە چوارچێوە و کات و ساتێکی گونجاو لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتییەکان و یاساکان ڕێگا بەرەمەکەکانی تاک دەدات.

بەم جۆرە ئەو مۆنۆلۆگەی لە "گۆشەی منی باڵا" وە سەرچاوە دەگرێت، بریتی دەبێت لە گفتوگۆیەکی ناوەوەکی تاک، کە بەردەوام تاک لە پرەنسیپە ئەخلاقییەکان و نەریتە بەرزەکانی ناو کۆمەڵگا و بنەما ئایینییەکان ئاگادار دەکاتەوە، وەک کەسێکی چاکەکار و ئامۆژگاریکەر ڕۆڵ دەبینێت، بۆیە ئەو مۆنۆلۆگەی ئامۆژگاری و پابەندبوون و ئاگادارکردنەوەی خودی کاراکتەری تێدایە لە بنەما ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان ئەوا بۆ زاڵبوونی "گۆشەیی منی باڵا" دەگەڕێتەوە لەو ساتەدا. لەم ڕوانگەیەوە مۆنۆلۆگی

کاراکتەر ئەگەر هاتوو له چوارچێوەی یاسا و بەها ئایینی و ڕەوشتییەکانەوە بێت، ئەوا جۆری ئەو مۆنۆلۆگە لەڕووی دەروونییەوە پەیوەستە بە گۆشەی "منی باڵا" له زاڵبوونی ئەو گۆشە بەسەر گۆشەکانی ترەوە سەرچاوەی گرتووە.

## ٣-١.شێوازی مۆنۆلۆگ له ڕۆمانی (کوشکی باڵنده غەمگینەکان) له ڕووی دەروونییەوە

مۆنۆلۆگ لەڕۆمانی "کۆشکی باڵنده غەمگینەکانی "بەختیار عەلی"دا، وەک تەکنیکێکی هونەری بوونی هەیە، لەگەڵ تەکنیک و ڕەهەنده هونەرییەکانی تر ڕۆمانبوونی ئەم بەرهەمە تەواو دەکەن، ئاستی هونەری ڕۆمانەکە بەرز دەکەنەوە، مۆنۆلۆگ وەک تەکنیکێکی هونەری لەڕۆماندا شێواز و خاسییەت و جیاکاریی خۆی هەیە، کە لەو ڕوانگەیە پێوەره هونەرییەکانی تایبەت بەڕۆمان و ڕەهەندەکانی جوانناسی و لایەنی زمانەوانی ڕوونکردنەوەی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام ئەو ڕووەی مۆنۆلۆگ دەکەوێتە دەرەوەی مەبەستی توێژینەوەکە، ئەوەی له مۆنۆلۆگی ئەم ڕۆمانه دەخرێتە ڕوو پەیوەستە بەڕەهەنده دەروونییەکەوە و لەم ڕووەوە سەیری جۆر و شێواز و هۆیەکانی دروستبوونی مۆنۆلۆگ و لێکەوتەکانی دەکرێت.

شێوازی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا له کۆمەڵێک هونەر و تەکنیک خۆی دەبینێتەوە وەک "دیالۆگ، مۆنۆلۆگ، وەسف و فلاشباک، .... هی تر)، هەریەکێک له ئەمانه تایبەتمەندی و جیاکاری هونەری خۆی هەیە، له کات و هەریەکەیان له کات و شوێنی تایبەت بە خۆیان ڕۆڵیان هەیە بۆ خستنەڕووی بەشێک لەڕووداوەکان. مەبەست له خستنەڕووی ئەمە ئەوە، کەڕۆماننووس له پاڵ تەکنیکەکانی تر بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان مۆنۆلۆگ وەک یەکێک لەو هونەرانه لەم ڕۆمانەدا بەکارهاتووە، بەهۆیەوە نووسەر گوزارشتی له نهێنی و دیوە شاراوەکانی کاراکتەرەکان کردووە، مۆنۆلۆگ لەم ڕۆمانەدا ئەو ئامانجە دەروونی و سایکۆلۆژییەی پێکاوە، کە چووەتە ناو قووڵایی

كارەكتەرەكان و گرێ و بارە چەپێنراوە دەروونییەكانیان دەخاتەڕوو، لەڕێگەی ئەم تەكنیكەوە پاڵنەر و هەڵچوونەكانی ئەو كاراكتەرانەمان بۆ دەردەكەوێت، بە جیهانە ناوەكییەكەی تاك پێكهاتەی كەسایەتی دەگەین.

سەبارەت بە جۆری مۆنۆلۆگ لەم ڕۆمانەدا، لە ڕوانگەی ئەو سێ جۆرەی پێشتر ئاماژەمان پێكرد، كە بریتی بوون لە یەكەمیان مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ كە كاراكتەر لە ناخی خۆیدا دەدوێت و بێ ئەوەی هەست بە بوونی نووسەر بكرێت، دووەم مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ بە پێچەوانەی یەكەم هەست بە بوونی نووسەر دەكرێت و گێڕەرەوە دەچێتە ناو ناخی كاراكتەرەكان و لێیان دەدوێت، سێیەمیش خۆدواندنە كە بە رێگای خۆدواندن بیر و حەزو ئارەزووەكان گوزارشتیان لێدەكرێت، بەشێوەیەكی گشتی مۆنۆلۆگی ئەم ڕۆمانە لە جۆری دووەمە، كە بریتییە لە مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ. لەڕۆمانی "كۆشكی باڵندە غەمگینەكان"دا ئەوەمان بۆدەركەوێت، كە گێڕانەوەی ئەم رۆمانە لەلایەن خودی گێڕەوەیەكی هەموو شتزانە بەڕێوە دەچێت، كەیەكێكە لە جۆرەكانی حەكایەت تخوان و دەستەڵاتی تەواوی بەسەر كەس و ڕووداو و سەرجەم ڕەگەزەكانی تری رۆماندا هەیە، وەك دەبینین، كە (هەر لە ناوەكەیەوە دیارە دەسەڵاتێكی تەواوی پێدراوە و توانایی زانینی هەموو شتێكی هەیە لە بارەی كاراكتەر و ڕووداوەكان، تەنانەت ئەو شتانەی لە ناو ناخیاندایە و شاراوەن ئاگاداریانە و بۆ خوێنەر ئاشكرای دەكات، بە ئازادانە لە كارەكتەرێكەوە بۆیەكێكی تر دەچێت و دەزانیت ئەوان بیر لە چی دەكەنەوە و ئارەزووی چییان هەیە و لەناو ڕووداوەكاندا چۆن هەڵوێست دەنوێنن) (ئەڵوەنی،٢٠١٥،٢٠). لەمڕۆمانەدا نووسەر وەك گێڕەرەوەیەكی هەمووشتزانڕۆل دەبینێت و بەناو نەست و دیوە شاراوەكانی كاراكتەرەكان گوزەر دەكات و ئاگاداری هەست و بیرۆكەكانیان دەبێت، مۆنۆلۆگەكانیان بەڕێوە دەبات. بۆیە دەبینین، كە شێوازی مۆنۆلۆگەكانی ئەم ڕۆمانە خۆی لە كۆمەڵێك مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆدا دەبینێتەوە، كە گێڕەرەوە بۆ خستنەڕووی نێو ناخ و دەروونی لایەنە شاراوەكانی كاراكتەرەكان

بەکاریهێناوە، تا پێیان بڵێت، کە لە ناخەوە چۆنن و بیروبۆچوونیان و هەڵویستیان چۆنە بەرانبەر کەسانی تر و ڕووداوەکان و دیاردەکان کەواتە مۆنۆلۆگەکانی نێو ئەم ڕۆمانە یەک جۆرن، کە ئەویش ناڕاستەوخۆیەکەیە، لەوحاڵەتەشدا نەستی گێڕەرەوەش بەشێوەیەکی نائاگاییانە شۆڕ دەبێتەوە ناو مۆنۆلۆگەکان و بەشەکانی پێکهاتەی کەسایەتی "من، منی باڵا، ئەو"ی کاراکتەر دەکەوێتە ژێرکاریگەری بەشەکانی پێکهاتەی کەسایەتی نووسەرەوە.

لەڕووی دەروونشیکارییەوە نووسەر دەیەوێت لەڕێگەی ئەم جۆرە مۆنۆلۆگەوە، چەندین ئامانجی دەروونی بپێکێت، ڕەمەک و چەپاندنەکانی خۆی و دواکارییەکانە "گۆشەی ئەو"ی خۆی لە پاڵ مۆنۆلۆگی کاراکتەرەکانەوە دەربڕێت، بەهۆیەوە لە ژێر سانسۆری گۆشەی "منی باڵا"ی خۆی، خۆی ڕزگار دەکات، لەو ڕێگەیەوە هەم داواکراوەکانی "گۆشەی ئەو"ی جێبەجێ دەکات هەم "گۆشەی منی باڵا"ش ڕازی دەکات. لە هەمان کاتیشدا، لەڕێگەی مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ و بەشداریکردن و ئاگاداربوون لەهەست و نەستی کاراکتەرەکانەوە، دەیەوێت لەڕێگەی "منی باڵا"ی خۆیەوە کۆنترۆڵی حەزو ئارەزوو داواکارییەکانی "گۆشەی ئەو"ی کاراکتەرەکان بکات، چونکە لێرەدا زاڵە بەسەر ئاگایی و نائاگایی کاراکتەرەکانەوە نووسەر چووەتە قووڵایی ناخ و دەروونی کاراکتەر بە ویستی ئاگایی خۆی لە حەزو ئارەزوو نهێنی و شتە شاراوەکانیان دەدوێت. نووسەری ڕۆمانی "کۆشکی باڵندە غەمگینەکان"دا لەڕێگەی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ لێرەدا ئەوەمان پێدەڵێت، کە ئامادە نییە دەستبەرداری مۆنۆلۆگی کاراکتەرەکان بێت و دەیەوێت خۆی بەپێی ئەو نەخشە عەقڵییەی دایڕێشتووە، مۆنۆلۆگەکان ئاراستە بکات و ئەوەی کە مەبەستییەتی بە مۆنۆلۆگی کاراکتەرەکان دەربیبڕێت.

ئەم ڕۆمانە لە هەندێک شوێندا شێواز و جۆرەکانی تری مۆنۆلۆگی لەخۆ گرتووە، بۆ نموونە چەند خۆدواندنێکی تێدا بەدی دەکرێت، کە بە هۆیەوە نووسەر مەبەستی تری دەروونی دەپێکێت، بۆ نموونە لە خۆدواندندا، بەهاو ڕێگرتنی خودی تێدایە، کە کاراکتەر لە وڕێگەیەوە نامۆیی و تەنیایی

دەروونی خۆی دەرەوێنێتەوە، باری ناهاوسەنگی دەروونی خۆی بەهۆی دڵتەنگی و غەمۆکی ڕاست دەکاتەوە و دڵنەوایی و هاوسەنگی و ئارامی بەخودی دەبەخشێت. کە هەروەک چۆن هاوسەنگی دەروونی نووسەر کاریگەری بەسەر کاراکتەرەوە هەیە، بەهەمان شێوە لەوێشەوە هاوسەنگی کاراکتەر کاریگەری بەسەر هاوسەنگی دەروونی نووسەرەکەوە دەبێت، هەموو ئەمانە لە پرسەیەکی ئاگایی و بەشێکی نائاگاییانەی نووسەر بەڕێوە دەچێت.

## ٣-٢. هۆکارەکانی ئەنجامدانی مۆنۆلۆگی کاراکتەرەکان لەڕووی دەروونییەوە

لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە دۆخ و حاڵەتە دەروونییەکان تاک وەک ورووژێنەرێک کاریگەرییان بەسەر جووڵە و مامەڵەی تاکەوە هەیە و مرۆڤ ناچار بە کاردانەوەی جیاجیا دەکەن، هەڵچوونە دەروونییەکانی بەشێک لەو کاردانەوانەی مرۆڤ، کە مرۆڤ لە ڕێگەیانەوە دەیەوێت وەڵامی ورووژێنەرەکان بداتەوە، هەموو ئەو کاردانەوە و وەڵامانەش کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی و ناوەکی لە پشتەوەیە، کە ڕێگری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر دەروونی تاک کردووە، تاکیش بۆ خۆڕزگارکردن و خۆگونجاندن و گەڕانەوەی هاوسەنگی دەروونی و ئارامی دەروونی شێوازی جیاجیا بۆ وەڵامدانەوەی ورووژێنەرەکان بەکاردێنێت، وەک "هاوار کردن و گریان و بێ دەنگی و تەنیایی و تووڕەبوون و بیرکردنەوە و خۆدواندن ،.....تاد"، لەڕووی سایکۆلۆژییەوە مۆنۆلۆلۆگ وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونی و کاردانەوە و وەڵامدانەوەیەک بۆ ورووژێنەرێک لە ورووژێنەرەکان دێتە ئەنجامدان و لەڕووی دەروونییەوە هۆکاری تایبەت بەخۆی هەیە. هەموو ئەو کاراکتەرانەی لەناو ئەم ڕۆمانەدا گفتوگۆی ناوەکییان کردووە واتە مۆنۆلۆگیان ئەنجامداوە، کاردانەوەک بووە، کە بەهۆی حاڵەتێکی دەروونی ڕوویداوە، ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری لە پشتەوە بووە، لێرەدا تەنیا ئاماژە

بەهۆکارە دەروونیییەکان دەکەین کە چ کاریگەریەکیان هەبووە بەسەر دەروونی ئەو کاراکتەرانەوە تاوەکو لە ناخی خۆیدا بدوێن و وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونی پەنا بۆ مۆنۆلۆگ ببەن. هۆکارە دەروونیییەکانیش زۆرن لەوانەش "ترس، شەرم، تووڕەیی، خۆ بەکەمزان، خەمۆکی، ئیرەیی، نیگەرانی، دڵەڕاوکێ و دوودڵی،....هی تر"، لێرەدا تەنیا ئاماژە بە چەند هۆکارێکی دەروونی کراوە، کە کاریگەری بەسەر دەروونی کاراکتەرەکانی ناو ئەم ڕۆمانەوە هەبووە بۆ دروستبوونی مۆنۆلۆگەکان، کۆمەڵێک پاڵنەر و هەڵچوونی بوون بە هۆی ئەنجامدانی مۆنۆلۆگەکان لە دەروونی کەسەکان لێرەدا ئاماژە بە چەند هۆکارێک دەکەین لەوانە:

### ٣-٢-١. ترس

ترس حاڵەتێکی دەروونییە، وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونی دەبێتە هۆی دروستبوونی مۆنۆلۆگ. لە کات و ساتی تایبەتدا ڕووبەرووی مرۆڤ دەبێتەوە، واتە ترس (دۆخێکی هەستیی ویژدانییە و هەڵچوونێکی دەروونی و جەستەیی بەدوادا دێت بە هۆی ورووژێنەر و کاریگەرییێکی ناوەکی و دەرەکی لە ئەنجامی هەستکردن بە مەترسییەک، کە هەڕەشە لە ژیان و بوونی تاک دەکات) (شەکشەک، ٢٠١٢ ، ٢٢٨ ). ترس جۆرە هەڵچوونێکە تەنیا پەیوەست نییە بە شتێکی دیاریکراوەوە یان دیاردەیەک لە دیاردەکان، حاڵەتێکی دەروونی ڕێژەییە بەپێی ڕەگەز و کات و تەمەن و شوێن و داب و نەریتی کۆمەڵگا و سروشتی کەسەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، بە شێوەیەکی گشتی ترس (ئامادەباشییەکی بۆماوەیی هەیە و بەشێکە لە سروشتی مرۆڤایەتی، بەڵام ئامادەباشی تەنیا نابتە مایەیی ترس، بەڵکو دەبێتە کۆمەڵێک فاکتەر و بارودۆخی تایبەتی لە ناو کۆمەڵا هەبن تا ترس دروست بێت) (قەرەچەتانی،٢٠٠٤، ٧). ئەگەر سەیری کاراکتەری ناو ڕۆمان یان هەر دەقێکی تر بکەین، ئەو کەسانە پەروەردە کراو و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگا و واقیعی ئەو ژیانەن، کە تیایدا دەژین، بۆیە دەبینین کەسایەتییەکانی ناو ئەم

دەقە ئەدەبییانە ڕووبەڕووی ترس دەبنەوە لە بارودۆخە جیاجیاکاندا، هەروەک چۆن لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕووبەڕووی ترس بوونەتەوە، کاراکتەرەکان ترسیان لە شتێک یان کێشە و ڕووداوێک دەبێت، ئەم ترسەش دوچاری کاردانەوە و وەڵامدانەوەیان دەکات وەک هەڵوێستێکی دەروونی دەینوێنێت بۆ ئەم ترسە، مۆنۆلۆگ یەکێک لەو کاردانەوە دەروونییەیە، کە کاراکتەرەکان لەکاتی بوونی ترسدا پەنای بۆ دەبەن، لەگەڵ خودی خۆیان دەکەونە گفتوگۆیەکی ناوەکی  بۆ ڕزگاربوون لەم ترسە، یاخود زۆر جار بەهۆی مەترسی تر، کاتێک بەهۆی ترسی جۆراوجۆر ناتوانن لەگەڵ کەسانی تر بە ئاشکرا هەستەکانی خۆیان دەرببڕن  بە ناچاری وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونی ئەم مۆنۆلۆگە دێتە ئەنجامدان.

ئەم حاڵەتە دەروونییەش لە کاراکتەرەکانی ناو دەقی چیرۆک و ڕۆمان بەدی دەکرێت، زۆر جار لە ئەنجامی ئەم ترسەوە تاک دەکەوێتە بیرکردنەوەی ناوەکی و قسەکردنی ناوەکی و تاوتوێکردنی بابەتەکە لەگەڵ خودی خۆی، نموونەی ئەم جۆرە مۆنۆلۆگەش لە ڕۆمانی " کوشکی باڵندە غەمگینەکان"دا، بوونی هەیە.

خۆشەویستی یەکێکە لەو بابەتانەی، کە بەشێک لە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە ئاراستە دەکات، عەشق و خۆشەویستی چەند کاراکتەرێک بە ناوەکانی " کامەرانی سەلما، خالید ئاموون، مەنسوری ئەسرین" بۆ کچێک بە ناوی "سەوسەن"، دەبێتە هۆی دروستبوونی ئومێد و ململانێ و ترس و هەوڵدان لە نێوانیاندا، دروستبوونی هەستی شەڕانگێزی و نەیاریکردن هەریەکەیان بۆ گەیشتن و بەدەستهێنانی خۆشەویستی ئەو کچە ڕووبەڕووی چەندین ناخۆشی و مەترسی و دڵەخورپە دەبنەوە، ترسی نەگەیشتن بە خۆشەویستی "سەوسەن" و ترسی دابڕان لەو کچە دەبێتە حاڵەتێکی دەروونی لە ناخی ئەو کاراکتەرانە بەردەوام ڕوو لە هەڵکشان و دابەزیندایە، ئەم ترس و حاڵەتە دەروونییە خۆیان و کەسانی دەوروبەریان دووچاری بیرکردنەوە و قسەکردنی ناوەکی کردووەتەوە، هەمیشە لە بیرکردنەوەی قووڵدان و لەبەرخۆیانەوە خەریکی مۆنۆلۆگن.

بۆ نموونە کاراکتەری "مەنگوڕی بابە گەورە"، کە هەوڵ بۆ "کامەرانی سەلما" دەدات، بۆ ئەوەی بەو خۆشەویستە بگات هەست بە مەترسی داهاتووی "کامەرانی سەلما"ی دەکات، لەبەر ئەوەی"کامەرانی سەلما" گەنجێکی سەرەڕۆ و سەرشێتە و چەقۆوەشێنێکی چاو نەترسە، ترسی"مەنگوڕ" لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەم جۆرە کەسێتییە شەڕانگێزییە بۆی هەیە نەک هەر بەو خۆشەویستە نەگات بەڵکو بۆی هەیە"کامەرانی سەلما" لەناو ببات، بۆیە دەبینین کاتێک "کامەرانی سەلما" لەبارەی خۆشەویستی "سەوسەن"ەوە لەگەڵ "مەنسور ئەسرین"دا دەدوێت، کاتێک ناگەن بەهیچ ئەنجامێک "کامەران" لە ناکاو چەقۆیەکەی دەردێنێت و لە "مەنسوری"دا و برینداری کرد لەوکاتەدا کە "مەنگوڕی بابە گەورە" ئەو دیمەنەی بینی کەمێ حەپەسا و سەرسام بوو بەو خوێن گەرمیەی کامەران، لە دڵی خۆیدا وتی (خوای گەورە، ئەم هەتیوە، زۆر نەفامانە دەیوەشێنێت...زۆر بێ مێشکانە، وانابێت) (عەلی، ٢٠١٧، ١٩). بەهۆی ترسی مەرگ و ئاڵۆزبوونی کێشەکان "مەنگوڕی" لە نائاگایی خۆیدا کەوتە دڵەخورپە و بیرکردنەوە و قسەکردن لەگەڵ ناخی خۆی، کەوتە ناو ترسێکی قووڵەوە پێی وابوو ئەگەر جارێکی تر بەم شێوەیە چەقۆ بوەشێنێت ئەوە "مەنسور" دەکوژێت و خۆشی دەبێت بە بکوژ، ئەم ترسە بووە هۆی ئەوەی مۆنۆلۆگ لە دەروونی "مەنگوڕی" دروست بێت، چونکە نەیدەویست "کامەرانی سەلما" ببێت بە بکوژ و وا بەهۆیەوە لە دەستی بدات، لەبەر ئەوەی زۆری خوشدەویست، بۆیە چەقۆیەکەی لە دەست "کامەران" دەرهێنا ئینجا سەیری برینەکەی "مەنسوری" کرد و بینی برینێکی قووڵە، لە دڵی خۆیدا وتی: (قەت فێری چەقۆ وەشاندن نابێت، .... قەت فێرنابێت...) (عەلی، ل٢٠). هەر لە دڵە خۆیدا وتی: (کوڕەکە لەو مەعدەنەیە کە نایەوێت بدۆڕێت، هەرکەسێکیش نەیەوێت بدۆڕێت شتی خراپی لێ دەوەشێتەوە) (عەلی، ل ٣٧). بەشێوەیەکی نائاگاییانە وەک هۆکارێک لەڕووی سایکۆلۆجییەوە ئەو مەترسییە بووەتە هۆی دروستکردنی ئەو بیرکردنەوە و مۆنۆلۆگانە وەک

میکانیزمێکی بەرگری دەروونی، یارمەتی و هاوسەنگی دەروونی بە کاراکتەرەکە دەدەن.

یەکێکی تر لە کاراکتەرەکانی ناو ئەو ململانێیەکە "خالید ئاموون"ە، وەک یەکێک لە داخوازیکەرەکانی "سەوسەن فیکرەتە"، کاتێک چاوی بە کامەرانی سەلما دەکەوێت، هەست بەوە دەکات، کە کوڕێکی تایبەتە و لەڕوخساری دەڕوانێت و لە دڵی خۆ یدا دەڵێت: (دەبێت ئەمە چی بێت... تۆ بڵێیت لە سوپا هەڵنەهاتبێت؟ دەبێت ڕاکردووی جەنگ نەبێت) (عەلی،ل٤٢-٤٣). هەروەک لە ڕۆمانەکەدا هاتووە بەم بیرکردنەوە و مەنەلۆگە، ئەم کاراکتەرە بەشێک لەو ترس و نائارامییە دەروونییەی خۆی ڕەواندەوە، (ئەو بیرۆکەیەی کە دەشێت لە جەنگ هەڵاتبێت و بتوانێت بە جۆرێک لە جۆرەکان بە گرتنی بدات، کەمێک ئارامی کردەوە) (عەلی،٤٣). هەروەها کاتێک "خالید ئاموون" چاوی بە"مەنسور" دەکەوێت و دەبینێت، کە "مەنسور" کوڕێکە لەو جوانترە و جۆرە نیگا و روخسارێکی بێوێنەی هەیە، کە بۆ خۆشەویستی زۆر پێویستە و لە عاشقێک دەچێت، کە کەوتە ناو بیرکردنەوەیەکی قووڵ لە بارەی "سەوسەن فیکرت"ەوە، بۆیە هەستی بەترسێک کرد لە دڵ و دەروونیدا و دەلەرزی لە ناخی خۆیدا، کەوتە بیرکردنەوە و وتی (ئاخۆ دەبێت "سەوسەن فیکرەت"، عاشقی تریشی هەبێت؟) (عەلی،٤٤). جوانی هەموو ئەو گەنجانەی، کە عاشقی "سەوسەن فیکرەت" بوون ترسێکی لە دڵی "خالید ئاموون" دروست کرد و بەوهۆیە بەردەوام لە بیرکردنەوە و لێکدانەوە و خۆدواندندا بوون، دواتر لەڕێگەی ئەو لێکدانەوە و بیرکردنەوە و مۆنۆلۆگانەوە توانی هاوسەنگییەکی دەروونی بۆ خۆی دەستەبەر بکات، ئامادەباشی ئەوەی لا دروست بێت، کە ئەویش بڕوات بۆ داخوازییەکە، بۆیە لە خۆدواندنێکیدا بە دەنگێکی بەرز وتی: ( بەر لە شەوی شەمە دەبێت بچمە پێشی هەرکەسێک زووتر لەوانی تر قاچ دانێت شانسی زۆرتری هەیە) (عەلی،٤٦). هۆکاری سەرەکی ئەم خۆدواندنەی کارەکتەرەکە لە رووی سایکۆلۆژییەوە دەگەڕێتەوە بۆ دڵدانەوەی خۆی و هاوسەنگی دەروونیی، کە بێگومان ئەوەش لێکەوتەی ئەو نیگەرانی و

ترسەیە، کە لە ناخیدا پەنگی خواردۆتەوە، چونکە لە لایەکەوە هەستی دەکرد جگە لە خۆی عاشقی تریش هەن لە دەوری "سەوسەن فیکرەت"ەوە، تا ئێستا نازانێت چەندی ترن. لەلایەکی تریشەوە دوای بینینی مەنسوری ئەسرین ئەوەی بو ئاشکرا بوو، کە مەنسور جۆرە نیگا و ڕوخسارێکی هەیە زۆر لەو جوانتر و سەرنجراکێشترە، بۆیە پێیوابوو کە چەند زووتر بڕواتە داوای "سەوسەن فیکرەت" ئەوە هەل و شانسی زۆرتری دەبێت بۆ بەدەستهێنانی کچە و ڕازیبوونی خێزانەکەی، کاتێک "خالید ئاموون" دەچێتە ماڵی "سەوسەن فیکرەت" بۆخوازبێنی، خالید هەستی کرد، کە کچەکە بەوردی سەیری دەکات، هەربۆیە لە دڵی خۆیدا وتی: ( ئێستا دەزانێت، کە من پیاوێکی جوان نیم، ئەوە نیم کە ئەو خەوی پێوە دەبینێت) (عەلی،١١٨). هۆکاری ئەم مۆنۆلۆگە لەڕووی دەروونییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ترسی دۆڕان لە ململانێی بەدەستهێنانی دڵی "سەوسەن" بۆیە کاتێک کچەکە سەیری دەکرد وای بە بیرداهات ئەو لەو جۆرە پیاوە خواستراوانە نییە بەجۆرێک بێت، کە ڕوخسارێکی جوانی هەبێ و بتوانێت کەسی بەرامبەر شەیدای خۆی بکا، ئەو حاڵەتە لەناخی "خالید ئاموون"دا بووە هۆی ئەوەی لە نائاگایی خۆیدا بەردەوام لەگەڵ ناخی خۆیدا لە دواندا بێت.

### ٣-٢-٢.خەم و نیگەرانی

خەم و خەفەت یەکێکی ترە لەو هۆکارانەی، کە مرۆڤ دوچاری حاڵەتێکی دەروونیی تایبەت دەکات، کە بەهۆیەوە بەرەو بیرکردنەوە و گۆشەگیری و تەنیاییی دەبات، بەجۆرێک بۆ خودی خۆی و ڕزگاربوون لەو دۆخە پڕ تەنیایی و نیگەرانییە لەگەڵ خودی خۆی دەکەوێتە ناو جیهانێکی تایبەت تاوەکو لەو جیهانە لە پێناو خۆی و لەگەڵ خۆی بیر بکاتەوە و بکەوێتە قسە کردن و خۆدواندن، بەمەش ئەم دۆخە دەروونییە دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندین مۆنۆلۆگ لە دەروونی تاکدا، وەک کاردانەوەیەک بۆ کێشە و حاڵەتە دەروونییەکان. ئەم مۆنۆلۆگانە کاریگەرییان هەیە بۆ

فەراهەمکردنەوەی هاوسەنگی دەروونی و ئارامکردنەوەی دۆخە دەروونییەکان. لەکاتی بوونی خەم و خەفەتدا لەبەر ئەوەی گۆشەکانی پێکهاتەی کەسایەتی "من، منی باڵا، ئەو" فشاریان کەوێتە سەر، بۆیە مۆنۆلۆگەکان سەرچاوەیان بۆ ئەم گۆشانە دەگەڕێتەوە، کە وەک گلەیی و دەردەدڵ و ڕێگەی خۆڕزگارکردن و قەرەبووکردنەوە گۆشەکانی تر لەگەڵ "گۆشەی من" و "گۆشەی من" لەگەڵ واقیع دەبێتە هۆی دروستبوونی مۆنۆلۆگی ناوەرۆک جیاجیا.

لەکاتی بوونی کێشەو خەم و خەفەتدا قسەکردنی تاک لەگەڵ ناخی خۆی، ئینجا چ بە دەنگی بەرز بێت یاخود بە دەرنەبڕاوی بێت، وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونی سەیر دەکرێت، کە بە هۆیەوە تاک گوزارشت لە خەمی خۆی دەکات، کە مەبەستی ئاگایی و نائاگاییانەی تاکی لەپشتەوەیە بۆ دەرچوون لە فشارەکان و کۆنترۆلکردن و چارەسەرکردنی گرفتەکان. لە کاتی بوونی خەم و تەنگ و چەڵەمەدا مۆنۆلۆگ وەک "نووسین، گریان، هاوارکردن، گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسانی تر و هەڵوێستەکانی تر" ڕێگەیەکی تری گوزارشتکردنی تاکە، واتە زۆر جار لە ئەنجامی ئەم حاڵەتە دەروونییانە مۆنۆلۆگ دروست دەبێت، کە هاوشێوەی دیالۆگە تەنیا کەسی بەرانبەر بوونی نییە، واتە گوێگر نییە تاک خۆی لەگەڵ بەرانبەرەکەی کە خودی خۆیەتی قسەدەکات ڕۆڵی گوێگر بەخۆی دەدات ئەم میکانیزم و تەکنیکە لە دەقی چیرۆک و ڕۆماندا بەڕێژەیەکی زیاتر دەبینرێت، زۆرجار کاراکتەرەکان بە هۆی خەمۆکییەوە لە ناخی خۆیاندا یا لەبەرخۆیانەوە لە نارەحەتیی خۆیان دەدوێن بەمەش مۆنۆلۆگێکمان بۆ دێتە بەرهەم.

لەڕۆمانی " کۆشکی باڵندە غەمگینەکان "دا، بۆ دروستبوونی مۆنۆلۆگی بەشێک لە کاراکتەرەکان ئەم هۆکارە بەدی دەکرێت، ئەو کاراکتەرانەی، کە دوچاری خەم وگرفتی دەروونی بوونەتەوە، ئەم حاڵەتەیان تێدا بەدی دەکرێت، عەشق و خۆشەویستی وەک بابەتێکی ناو ئەم دەقە بووەتە هۆی ئەوەی چەند کاراکتەرێک بەهۆیەوە دوچاری خەم و خەفەت و نارەحەتی

دەروونی ببنەوە، بەهۆی ئەمەشەوە ئەو کەسانە بەردەوام لە بیرکردنەوەدان و لەگەڵ خۆیان خەریکی لێکدانەوە و خۆدواندنن، بەم حاڵەتەش لەڕووی هونەرییەوە تەکنیکی مۆنۆلۆگمان لەناو ڕۆمانەکەدا بۆ بەرهەم هاتووە. بۆنموونە دەبینین، ئەم حاڵەتە لای "خالید ئاموون" دەبینین، کە وەک عاشقێکی خەمناک بەردەوام لە خەم و ئازاری عەشق دەدوێت، سەبارەت بە عەشق دەکەوێتە بیرکردنەوە لە دڵی خۆیدا دەڵێت: (خراپترین شتی عەشق ئەوەیە کە هەموو بەرنامەکانت تێکدەدا، تاکە جیاوازی نێوان ژن و پیاو ئەوەیە، عەشق ژنان بەو شێوەیە شێت ناکات، بەو جۆرە بەرنامەی خۆیان تێک نادەن... پیاوان تاکە جۆری جانەوەرن خۆشەویستی بەو جۆرە سەریان لێتێک دەدا) (عەلی ، ٢١). ئەو کاراکتەرە، کە بەهۆی عەشقەوە لە قووڵایی خەفەت و غەمباری دابوو لەو مۆنۆلۆگانە بەردەوام بوو چەندین شتی جۆراوجۆر بە مێشک دادەهات و لە ناخی خۆیدا درێژەی بە قسەکانی دەکرد و دەیوت: (لەڕێگەی خۆشەویستییەوە، مرۆڤ پووچی هەموو شتەکانی بۆ دەردەکەوێت،... هەتا پووچی خۆشی) (عەلی، ل١٧). بەجۆرێک هەستی بە سەرگەردانی دەکرد هەمیشە لە دڵی خۆیدا بە خەفەتەوە دەیوت: (عەشق وات لێدەکات نەزانیت چیت دەوێت) (عەلی، ل٢٣). ئەم گوزارشتە ناوەکییانەی کاراکتەرەکە بۆ ئەو خەم و بێ ئومێدی و نیگەرانییە گەورەیە دەگەڕێتەوە، کە بەهۆی عەشقەوە دوچاری بووبوو، بەشێوەیەکی ئاگایی و نائاگاییانە بەردەوام لە بیرکردنەوە و ئاخاوتنی خود و لێکدانەوە و دەردەدڵ و دڵدانەوەی خۆیدا بوو، پێشتر کەسێکی دڵخۆش بوو بەڵام بەهۆی عەشقی "سەوسەن فیکرەت"ەوە بوو بوو بە کەسێکی غەمگین و عەشق بە جۆرێک ژیان و بەرنامەکانی شێواندبوو بەجۆرێک، کە نەیدەتوانی لەسەر قاچەکانی بوەستێت. لێرەدا ئەو کاراکتەرە وەک هەوڵێکی نەستی هەوڵیداوە لە ڕێگای ئەم گفتوگۆ ناوەکییەوە گوزارشت لە ئازار و خەمەکانی خۆی بکات، بۆ ئەوە هاوسەنگی دەروونی بۆ "گۆشەی من"ی خۆی بگێڕێتەوە، خۆی لەو فشار و هەڵچووە دەروونییانەی ڕزگار بکات.

لە مۆنۆلۆگێکی ناڕاستەوخۆی تردا کاتێک کاراکتەر "خالید ئاموون" ئەوەی بۆ دەرکەوت، هەردوو عاشقەکەی تری "سەوسەن" لەو جوانتر و ڕێکوپێکترن، زیاتر غەمبار بوو، خەمی ئەوەشی بوو، کە دەشێت ئەو خەڵکانی تریش بۆ ئەم کچە بێنە پێشەوە، بۆیە ئەم بیرۆکانەی بوونە هۆی دروستبوونی کومەڵێک گفتوگۆی ناوەکی یەکێک لەو مۆنۆلۆگانەی ئەوەبوو، کە "خالید ئاموون" لە دڵی خۆیدا هەر دەیوت: (ئاخۆ دەبێت سەوسەن فیکرەت عاشقی تریشی هەبێت؟) (عەلی، ٦٧). بێ ئومێدی و نیگەرانی ئەو کاراکتەرە، بەڕێژەیەکی زۆر بووەتە هۆی دروستبوونی تەکنیکی مۆنۆلۆگ لەڕۆمانەکەدا، دوای ئەوەی "سەوسەن فیکرەت" "کامەرانی سەلما" هەڵدەبژێرێت و "خالید ئاموون" ڕەت دەکاتەوە، "سەوسەن بە نامەیەک "خالید ئاموون" لەوە ئاگادار دەکاتەوە، دوای ئەوە چەند جارێک ئەو نامەی خوێندەوە، کە تیایدا نووسیبووی من و تۆ بۆیەکتر نابین و بەیەکەوە بەختەوەر نابین واتە سەوسەن لە نێو داواکارەکانیدا ئەوی هەڵنەبژاردبوو، بۆیە بە دڵێکی بریندار و پڕ لە خەمەوە بە گریانەوە لە خۆدواندنێکدا دەیوت: (بۆ .... بۆ سەوسەن ... بۆ. ئەو کوڕەی سەلما چی لە من باشترە ... بۆسەوسەن ... بۆ بڕیار بۆ پیاو کوژ و چەقۆکێشەکان دەدەیت ... بۆ؟) (عەلی، ٣٧٩). دابڕان و بێ ئومێدی بوون بە هۆکاری سەرەکی ئەم خۆدواندن و دەربڕینە، کە بەشێوەیەکی نەستی و نائاگاییانە "خالید ئاموون" دەیەوێت لەڕێگەی ئەم قسەکردن و بەکەسکردنی خودی خۆی چەپاندن و خەم و ئازارە دەروونییەکانی هەڵڕێژێت و ئەو سترێسە دەروونییە لەسەر گۆشەکانی کەسایەتی خۆی سووکتر بکات. لە پاڵ گریان و هاوارکردن و هەڵوێستەکانی تر مۆنۆلۆگ و قسەکردن لە خودیش وەک میکانیزمێکی دەروونی لە لایەن ئەو کاراکتەرە لەو حاڵەتەدا هەستی پێدەکرێت، کە ئەو مۆنۆلۆگەش وەک هەر میکانیزمێکی تری بەرگری دەروونی کاریگەری ئەرێنی لەسەر دەروونی تاک هەیە و تا ڕادەیەک دڵنەوایی و ئارامی دەروونی دەستەبەر دەکات.

**٣-٢-٣. تووڕەیی**

تووڕەبوونیەکێکی تره لەو هەڵچوونانەی، که مۆنۆلۆگ له تاکێکدا بەرهەم دێنێت، تووڕەبوونیش وەک هەڵچوونێکی دەروونی هۆکار و لێکەوتەی جۆراوجۆری هەیە، وەک هەر هەڵچوونێکی تر لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، تووڕەبوون (دیاردەیەکی دەروونی ئاساییە و بوونی به ڕێژەیەکی گونجاو پێویسته بۆ ژیان و مانەوەی تاک و خۆ سازدانی له تەک ژینگەیەکدا) (قەرەچەتانی، ١٥١). ئەم هەڵچوونه به شێوەی ڕێژەیی له هەموو تاکێکدا هەستی پێدەکرێت، که به هۆی دیاردەیەک یان هۆکار و ورووژێنەرێکی دیاریکراو له لای مرۆڤ ڕوو دەدات و لێکەوته و کاردانەوەی ئەو هەڵچوونەش له هەڵسوکەوتەکانی تاک ڕەنگ دەداتەوە، واته تووڕەبوون سیفەتێکی گشتییه و مرۆڤەکان به ڕێژه لێی بەشدارن. هەر بۆیه کاراکتەری ناو ڕۆمانیش وەک نموونەی وەرگیراوی ناو کۆمەڵگا ئەم خاسیەتەیان هەیە، بۆیه زۆر جار دەبینین ئەم هەڵچوونه له لایان دەبێته هۆی ئەوەی ئەم کاراکتەرانه له دڵی خۆیانەوە یاخود له بەر خۆیانەوە قسه بکەن واته هەڵچوونی تووڕەبوونەکانیان بۆ خۆیان دەرببڕن و بەمەش تووڕەبوونەکانیان دەبێته فاکتەرێک له فاکتەره دەروونییەکانی دروستبوونی مۆنۆلۆگ له هەندێک باردا، مۆنۆلۆگ ئەگەر لەڕووی هونەرییەوە تەکنیکێکی نوێ و گرنگ بێت، که نووسەرەکان وەک ئامرازێکی گێڕانەوە بەکاری بێنن، ئەوا لەڕووی دەروونیشەوە میکانیزمێکی بەرگری دەروونییە، که هەر تاکێک له ژیاندا بەردەوام بەپێی حاڵەته دەروونییەکانی خۆی ئەنجامی دەدات.

لەڕۆمانی "کۆشکی باڵنده غەمگینەکان"ی بەختیار عەلیدا، ئەم هەڵچوونه دەروونییە، که بریتییه له تووڕەبوون، بەپێی باری دەروونی و سروشتی کاراکتەرەکان بووەته هۆی درووستبوونی مۆنۆلۆگ له لای کاراکتەرەکاندا. هەروەک لەم نموونانەی خوارەوە:

لەیەکێک لەڕووداوەکان "فیکرەت گوڵدانچی" له "سەوسەن"ی کچی تووڕە دەبێت بەهۆی ئەوەی که زۆر له سەرقاڵی کتێب و کتێبخانەکەیە

بەهۆی خۆی و هەموو شتێکی لەبیر کردووە، فیکرەت پێی وابوو کتێب مرۆڤ دەکات بە دیلی خۆی، کچەکەیشی وەک خۆی بووە بە دیلی ئەم کتێبخانە گەورەیە و بەهۆیەوە پەیوەندی بە کەسەوە نەماوە بۆیە بەڕادەیەک تووڕە بوو بیری لەوە کردەوە تا کچەکەی بتوانێت ئاسایی بژیت ئەوە دەبێ ئەم کتێبخانەیە وێران بکات و نەهێڵێت، هەربۆیە "فیکرەت گوڵدانچی" لە دڵی خۆیدا گوتی" (کتێب تەنیا زیندانە مرۆڤ لێی دەرناچێت) (عەلی،١٤٨). ئەم مۆنۆلۆگە ناڕاستەوخۆیە لە رووی سایکۆلۆجییەوە دەگەڕێتەوە بۆ تووڕەبوون و ڕقی زۆری کاراکتەرەکە لە کتێب و کتێبخانەکەی. کە پێی وابوو کچەکەی بەجۆرێک لە جۆرەکان دوچاری تەنگ و چەڵەمە کردووەتەوە، بۆیە باوکی کچەکە نائاگاییانە رق و تووڕەییەکەی بەسەر کتێب و کتێبخانە دەڕێژێت، دەیەوێت تۆڵەی کچەکەی بکاتەوە بۆ ئەمەش دەکەوێتە بیرکردنەوە و گفتوگۆیەکی ناوەکی لەگەڵ خۆی.

هەروەها کاتێک "کامەرانی سەلما" بەچەقۆ "مەنسور ئەسرین" بریندار دەکات "مەنگوڕی بابە گەورە" زۆر تووڕە دەبێت لەو کارەی "کامەرانی سەلما بە تووڕەیییەوە سەیری دەکات لەو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: (گەر لەسەردەمی مندا بووایە لە مێژبوو تیاچووبوو) (عەلی، ١٤). هەروەها کاتێک سەیری برینی چەقۆیەکەی کرد، لەبەر تووڕەبوونی زۆر هیچی بۆ نەدەوترا، بیری لەوە دەکردەوە، کە ئەم کوڕە هەرگیز واز لەشەڕ ناهێنێت و شەڕکەرێکی زۆر خراپیشە، (قەت فێری چەقۆ وەشاندن نابێت، .... قەت فێرنابێت...) (عەلی، ٢٠). ئەو کاراکتەرە بەجۆرێک تووڕە بووبوو، بەشێک لەو تووڕەبوونانەی ڕاستەوخۆ دەربڕاوە ئاراستەی "کامەرانی سەلما"ی کردووە، بەشێکی تریشی هەر لە ناوەخۆیدا وەک مۆنۆلۆگێک لەڕۆمانەکەدا بەرجەستە کراوە.

کاتێک ئاموونەکان دەیانەوێت تۆڵەی خۆیان لە "کامەرانی سەلما" بکەنەوە "لەتیف ئاموون" کە پیاوێکی دەست ڕۆیشتووی ناو عەشیرەتی ئاموونییەکان بوو نەیدەویست، کە "کامەران" بەدیل بگیرێت، دەیویست بەر لەوەی هێرش بکەنە سەرماڵەکەی کامەران ڕابکات، بەڵام ڕای نەکردبوو، بۆیە

زۆر تووڕە بوو نیگەرانی ئەوەبوو، کە ئەم گەنجە دەبێتە قوربانی، بۆیە لە دڵی خۆیدا هاواری کرد (تۆ چ نەفامێکی گەورەیت... چ بێ مێشکێکی گەورەیت لە ڕۆژێکی وەهادا چۆن لە شار دەمێنیتەوە) (عەلی، ٤٣٩). ئەم خۆدواندنە لەڕووی دەروونییەوە دەگەڕێتەوە بۆ تووڕەیی و نیگەرانی کاراکتەرەکە، چونکە هەروەکو ئاماژەمان پێدا نەیدەویست کەس لەناو بچێت بەڵام کە کامەرانیان بە دیل گرت دەستەڵاتی ئەوەی نەبوو، کە شتێکی بۆ بکات و ڕزگاری بکات. بۆیە لە ناخەوە لە "کامەران" تووڕە دەبێت، کە چۆن دەبێت لە کاتێکی ئەوهادا لە ماڵ بمێنێتەوە. ئەم مۆنۆلۆگە گوزارشت لەو هەڵچوونە دەکات، کاراکتەرەکە بوونی هەیە.

لە شوێنێکی تردا دەبینین، "ئیبراهیم ئەسرین" دوای ئەوەی هەواڵی بریندارکردنی کوڕەکەی پێدەگات، لەگەڵ کچەکانی دەیەوێت سەردانی نەخۆشخانە بکەن، ئەو دوو خوشکە سەرەڕای ئەوە بۆ براکەیان دڵ بەکەسەر بوون، بەڵام هێشتا ڕازی نەبوون تاوەکو بە تەواوی خۆیان میکیاج نەکەن بێنەدەرەوە، بۆیە " ئیبراهیم ئەسرین" بەم هەڵسوکەوتە زۆر تووڕە دەبێت و بە تووڕەییەوە چاوەڕوانیان دەکات و لە دڵی خۆیدا دەڵێت: (عەیبی هەرە گەورەی ژنی ئەم شارە، ئەو خووگرتنە ناخۆشەیانە بە مەکیاجەوە، کچەکان هەمان ئەو خووەیان بۆ ماوەتەوە ، کە دایکی خوالێخۆشبوویان هەیبوو) (عەلی، ١٩). لێرەدا دوای ئەوەی ئەو کاراکتەرانە بەهۆی هۆکارێکی دەرەکی و ورووژێنەرێکە دوچاری هەڵچوونی دەروونی دەبن و تووڕە دەبن، لەڕێگەی ئەم مۆنۆلۆگ و خۆدواندنەوە دەیانەوێت وەڵامێکی نەستییانەی ئەو تووڕەبوونانە بدەنەوە و بەمە گوزارشت لە هەڵچوونەکانیان بکەن، بەم شێوازە ڕق و تووڕەییەکانیان هەڵبڕێژن.

### ٣-٢-٤.هەستکردن بە کەمی (الشعور بالنقص)

وەک گرێیەکی دەروونی، دەبێتە هۆی نیگەرانی و نائارامی لە لای تاک، ئەوکەسەی دوچاری ئەم گرێیە دەروونییە بووە بەهەر هۆکارێک لە

هۆکارەکان بێت، ئەوا بەردەوام له بیرکردنەوە و دنیای خەیاڵاتدا دەژیت، بۆ ئەوەی لەوێیەوە قەرەبووی کەم و کورییەکانی بکاتەوە، کاتێک (تاک کاتێ هەستی کرد بە کەم و کورییەک و ناتەواوی و ناشیرینی خۆی. بۆ رزگاربوون لەم دۆخەی خۆی هەر زوو پەنا بۆ خەیاڵ و خەونە کشۆتییەکان دەبات و ناشیرینی و ناتەواوی خۆی پێ تەواو دەکات و قەرەبووی خۆی بە جۆرێکی تر دەکاتەوە) (وەند، ) ئەم گرێیە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاک دروست دەکات، کە بە هۆی ئەوەی خۆی بەکەسێکی بێ توانا و دەستەڵات دەزانێت لەڕوویەک لەڕووەکانەوە پێی وایە کەسانی تر خاوەنی شت گەلێکن ئەو لێیان بێبەشە و ناتوانێت وەک ئەوان بێت، بۆیە دەکەوێتە بیرکردنەوە و لێکدانەوەی گرفتەکان لەگەڵ خۆی تاوتوێی نیگەرانیی خۆی دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی مۆنۆلۆگ لە دەروونی خاوەنەکەی، مرۆڤ لە ڕێگەی ئەو خۆدواندن و مۆنۆلۆگەوە بەشێوەیەکی نائاگاییانە دڵنەوایی خۆی دەکات و قەرەبووی بەشێک لە نیگەرانییەکانی دەکاتەوە، ئەم گرێیە دەروونییەش بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی ئەم گرێیە هەیە لە دەروونی تاکدا، بۆیە مەرج نییە هەمان هۆکاری ناوەکی یان هەمان هۆکاری دەرەکی لای هەموو کەس ببێتە هۆی دروستبوونی گرێی هەستکردن بەکەمی، تاکەکان لە حاڵەتی بوونی هەستکردن بەکەمی پەنا بۆ ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆری تایبەت بە سروشتی خۆیان دەبەن تا بەهۆیەوە گوزارشتی لێ بکەن، هەندێ جار دەبێتە هاندەرێک بۆ سەرکەوتنەکانی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی لەڕێگەی قەرەبووکردنەوە سەرکەوتنی تر بەرهەمدێنێت، لەڕووی سایکۆلۆژیشەوە لەم حاڵەتانە مرۆڤ بۆ ناخی خۆی پاشەکشێ دەکات و دەیەوێت لە چاوی کۆمەڵگا خۆی دوور بگرێت، زیاتر لەگەڵی دەبێت بە هاوڕێی و لەڕێگەی بەهاوڕێکردنی خودەوە لەگەڵ خۆی دەکەوێتە قسەکردن، ئەم هەڵوێستەش وەک کاردانەوەیەکی نەستییە لەو ڕێگەیەوە خۆی بەو بوونە ڕازی دەکات و دڵدانەوەی خودی لێ بەرهەمدێت، لێرەشدا مۆنۆلۆگ وەک میکانیزمێکی

بەرگری دەروونی ڕۆڵ دەبینێت بۆ گۆشەکانی پێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤ، لەبەرئەوەی نووسەران کەسایەتییەکانی نێو بەرهەمەکانیان لە نێو کۆمەڵگا هەڵدەبژێرن کەواتە کەسەکانی نێو بەرهەمەکەیانیش هەمان خەسڵەتی دەروونییان هەیە کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی مۆنۆلۆگ لە دەروونی خاوەنەکەیدا.

لەم ڕۆمانەدا کۆمەڵێک کاراکتەر دەبینین، کە هەست بە بوونی ئەم گرێیە دەروونییە دەکرێت لە لایان یان لە بارودۆخێکی دیاریکراودا هەست بە بێ توانایی و خۆبەکەمزانین دەکەن، ئەم هەستەش حاڵەتێکی دەروونی بۆ دروست کردوون، کە هەمیشە لە جیهانێکی داخراوی دەروونی خۆیان سەرقاڵی بیرکردنەوەن، بۆ نموونە کاتێک مرۆڤ لەڕووی عاتیفییەوە دووچاری پەیوەستبوون دەبێت بەکەسێکەوە لە قۆناغی خۆشەویستی و پەیوەستبووندا، خۆی بەهەموو کەسێک شایستەتر دەزانی بۆ ئەو خۆشەویستییە، ئەگەر لە لایەن ئەو کەسە ڕەتکرایەوە کە خۆشی دەوێت ئەوا دوچاری گرێی خۆ بەکەمزانین دەبێت. لە ناو خودی نائاگایی خۆیدا تووشی خۆ سەرزەنشتکردن دەبێت، کە چۆن نەیتوانیوە دڵی ئەو کەسە بەدەست بێنێت، کە خۆشی دەوێت لە ناخەوە سەرزەنشتی خۆی دەکات، کە دیارە هۆکارەکە بۆ ناشیرینی و ناتەواوییەکی خۆی دەگەڕێتەوە، هەر بۆیە لەم بارەدا ئەمە دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ دروستبوونی گرێی خۆ بەکەمزانین، بەو پێیەی دەبینین "خالید ئاموون" کە لەڕووی جەستەییەوە جوانییەکی هەست پێکراوی نییە، بەو واتایەی خۆی هەست بەمە ئەکا، کە خاوەنی جوانییەکی وەها نییە سەرنجی دەوروبەری بە لای خۆیدا کێش بکات، بۆیە هەمیشە هەست بە کەمیکردنێک ناچاری ئەوەی دەکات بکەوێتە ناوەخۆیی و زوو زوو پەنا بەرێتە بەر دنیای خەیاڵ، بەردەوام لە ناخەوە لەگەڵ خۆی دەدوێت، لەو ڕێگەیەوە نائاگاییانە دەیەوێت هاوسەنگی دەروونی بەدەست بخاتەوە، بۆ نموونە لە مۆنۆلۆگێکی ناڕاستەوخۆی تردا کاتێک "خالید ئاموون" دەچێتە نەخۆشخانە بۆ ئەوەی سەردانی ئەو کوڕە بکات، کە ئەویش "سەوسەن

فیکرەت"ی خۆش دەوێت، "کامەرانی سەلما بریندارى، "خالید ئاموون" کە بینی گەنجێکە سەرەڕای ئەوەی بریندارە و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە بەڵام هەر جوان دەینواند و جۆرە نیگایەکی ڕۆمانسییانەی هەبوو، بۆیە بە سەرسوڕمانەوە لە دڵی خۆیدا گوتی: (خودایە چەند لە عاشق دەچێت)(عەلی، ٤٥). "خالید ئاموون"بەردەوام ئەوەی بە خەیاڵدا دەهات، کە بۆچی ئەو بە بەراورد بە "مەنسوور ئەسرین" وەها جوان و سەرنجڕاکێش نییە و دیمەنی عەشق و خۆشەویستی پێوە دیار نییە، بۆیە دوای هەر بیرکردنەوەیەک لە "مەنسوور" بە خۆی گوت: (هیچ کەسێکم نەدیوە ئەوها لە عاشق بچێت، خوای گەورە من بۆ وانیم ) (عەلی، ٤٥). ئەم کاراکتەرە لە بەرامبەر "مەنسوور ئەسرین"دا، بەردەوام هەستی بە ئیرەیی و خۆ بەکەمزانینێک دەکرد بۆ ئەو خۆشەویستییە، چونکە بەهەمان شێوەی ئەو جوان و سەرنجڕاکێش نەبوو، هەروەها خاوەنی ئەم جۆرە نیگایە عاشقانەش نەبوو، بۆیە هەمیشە دەکەوتە سەرزەنشتکردنی خود و پرسیاری ئاراستەی خۆی دەکرد، کە بۆچی ئەو جوان و ڕوخسارێکی وەهای نییە، هەر خۆشی لە خۆدواندنێکدا وەڵامی خۆی دەدایەوە و بە خۆی گوت: (خەوتنی زۆر لەگەڵ قەحپەکاندا ڕوخساری عاشقی لێ سەندوومەتەوە) (عەلی، ٤٥). "خالید ئاموون" سەرەڕای ئەوەی لە عەشیرەتێکی بەناوبانگ و پڕ سامان بوو و خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆر بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی نەیدەتوانی دڵی "سەوسەن" بەدەست بێنێت و زاڵ بێت بەسەر ئەوانی تر، بۆیە لە عەشق و خۆشەویستی "سەوسەندا هەستی بە کەم و کورییەکی زۆر دەکرد، خۆی زۆر بە بێ دەستەڵات و لاواز دەهاتە بەرچاو، کە بەم سەروەت و سامان و عەشیرەتە گەورەیەش ناتوانێت هیچ بکات هەربۆیە لە دڵی خۆیدا گوتی: (لە ڕێگای خوشەویستییەوە، مرۆڤ پووچی هەموو شتەکانی تری بۆ دەردەکەوێت ... هەتا پووچیی خۆشی) (عەلی،٢٤). لێرەدا دەبینین، "خالید ئاموون" سەرەڕای ئەوەی لەڕووی سەروەت و سامان و عەشیرەتەوە لە هیچی کەم نییە، بەڵام کاتێک پێوانەی جوانی و ئاکار و ڕوخساری خۆی دەکات لەگەڵ کێبەڕکێکەرەکانی ئەوەی بۆ

دەردەکەوێت، کە لە هەمان ئاست و پێوەر نییە، بەمەش هەست بەوە دەکات، کە لە بوونی شتێکی کەمە، کە بریتییە لە جوانی ڕوخسار، بیرکردنەوەی زۆر لە هەر شتێک، کە لێت کەمە یان نییەتت مرۆڤ دوچاری گرێی خۆ بەکەمزانین، لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ئەم مۆنۆلۆگ و خۆدواندنانە وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونی خۆی دەنوێنێت بۆ زاڵبوون بەسەر نیگەرانییەکانی گرێی خۆ بەکەمزانین.

بەهەمان شێوە کارەکتەر "مەنسور ئەسرین" لەبەرامبەر "کامەرانی سەلما"دا، هەست بەوە دەکات، کە ئەم کوڕە زۆر لەخۆی ئازاتر و عاشقتر و بەغیرەتترە، هەستی دەکرد کەسێکی زۆر لاوازە و لاوازیەکەشی تەنیا پەیوەندی بە برینەکەیەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو عەشق و غیرەتە و ئازایەتی و گیان فیداییەی "کامەرانی سەلما"وە هەیە، کە خۆشەویستی ئەو بەم ڕادەیە نییە، کە بتوانێت لە پێناویدا چەقۆ بوەشێنێت و خەڵک بکوژێت، بۆیە زۆر بەو عەشقەی "کامەرانی سەلما" سەرسام بوو، ئەو هەرگیز توانای وای لە خۆیدا شک نەدەبرد لە پێناوی خۆشەویستیدا چەقۆ لە کەسێک بدات، خۆی زۆر لاوازتر دەبینی بۆیە لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئەو عاشقێکی لە من گەورەترە... من هیچ نیم لە بەردەم ئەودا، ئەو هەزار جار لە من باشترە) (عەلی، ٨٢). هۆکاری سەرەکی ئەم مۆنۆلۆگە ناڕاستەوخۆیە لەڕووی سایکۆلۆژییەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرسامبوونی کاراکتەرەکە بە عەشق و توانای کەسی بەرامبەر بەجۆرێک، کە لە خۆیدا بەدی ناکات لەو ڕووەوە دەچێتە ناو دنیای بیرکردنەوە و هەست بە بۆشاییەکی دەروونی دەکات و بۆی ڕوون دەبێتەوە، کە خۆشەویستییەکەی لە ئاست و پلەی خۆشەویستی ڕکابەرەکەی دانییە، ئەم بیرکردنەوەیەی کاراکتەر بوونە هۆی ئەوەی بەردەوام لە نائاگایی خۆیدا بدوێت گوزارشت لە دڵ و دەروونی خۆی بکات، تا بە هۆیەوە هەندێک لە دەرد و ئازاری هەستکردن بە کەمیەکەی بڕەوێنێتەوە.

### ٣-٢-٥. دڵەڕاوکێ

وەک حاڵەت و خەسڵەتێکی دەروونی، لەڕووی سایکۆلۆژییەوە یەکێکی ترە لەو بارودۆخانەی بەهۆیەوە مرۆڤ دەکەوێتە ناو بیرکردنەوە و قسەکردنی ناوەکی و خۆدواندنەوە، چونکە بەهۆی ئەم حاڵەتە دەروونییەوە مرۆڤ دەکەوێتە ناو کۆمەڵێک هەڵچوون و هەستی ناخۆش و گوماناوی ئازاربەخش، دڵەڕاوکێ دۆخێکی دەروونی ناوەکییە بۆیە ئاستی ئاگایی و نائاگایی تاک داگیر دەکەن چونکە (زۆربەی هەرە زۆری هۆکار و سەرچاوەی دڵەڕاوکێکان نادیارن و لە بواری نەستیدان) (قەرەچەتانی، ٢٠٠٤، ٤١). بۆیە زۆرجار هۆکارەکانی دڵەڕاوکێ بە ئاسانی نازانرێت و بەزۆری هۆکارەکەی لەبواری نەستیدان، واتە دڵەڕاوکێ (دۆخێکی دەروونییە و لەو کاتەدا ڕوودەدات، کە تاک هەست بە بوونی مەترسییەک بکات، کە هەڕەشە لە ژیانی بکات و چاوەڕوانی ڕوودانیان پێشبینی ڕوودانی بکات یان دەتوانرێت بوترێت، کە دڵەڕاوکێ گرژییەکی هەڵچوونی و شڵەژانێکی دەروونی و جەستەییە) (شەکشەک، ٢٣٨). کاتێک تاکێک هەستی بە بوونی مەترسییەک دەکات لەسەر ژیان و بەرژەوەندییەکی تایبەتی خۆی، ئەوە دوودڵ و نیگەران دەبێت و دەکەوێتە ناو بارودۆخێکی گوماناوی و دەروونێکی ئاڵۆز ئەمەش وەک ورووژێنەرێک کاریگەری لەسەر ڕەفتار و هەڵوێست و چالاکیەکانی مرۆڤ دەبێت. هەر تاکێک لە کاتی بوونی دڵەڕاوکێدا بەشێوەیەکی ئاگایی و بەشێوەیەکی نائاگاییانە میکانیزم و ڕێگای جیاواز بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ورووژێنەرە بەکاردێنێت، بەیەکێکیش لەو میکانیزم و ڕێگایانە تاک وەک وەڵامدانەوەیەک بەکاری دێنێت بەرامبەر بە هەستکردن بە بوونی دڵەڕاوکێ بریتییە لە مۆنۆلۆگ و قسەکردن لەگەڵ خود، لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت گوزارشت لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی ناخی خۆی بکات و هەر بۆ خودی خۆی بەنهێنی یان بە ئاشکرا بارودۆخ و ڕووداو و دیاردەکان باس دەکات، هەر خۆشی وەڵامی خۆی دەداتەوە و هەندێ جاریش بێ وەڵامە. ئەمەش تاڕادەیەک دەبێتە هۆکاری ئارامبوونەوە و

گەڕاندنەوەی هاوسەنگی دەروونی بۆ خودی کەسەکە، ئەم دیاردەیەش لە کاراکتەری ناو چیرۆک و ڕۆمان بە میکانیزمی مۆنۆلۆگ بەرجەستەکراوە.

لەم ڕۆمانەدا، لە هەندێک باردا ئەوە دەبینین کاتێک کاراکتەرەکان بە هەر هۆکارێک لە هۆکارەکان هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەن، ئەم هەستە دەبێتە هۆی دروستبوونی مۆنۆلۆگ لەلای کاراکتەرەکە هەروەک لەم نموونانەی تێبینی دەکەین، "ئیبراهیم ئەسرین"، کە پیاوێکی پیری بە تەمەنە، مردن دووچاری دڵەڕاوکێی کردبوو زۆر، هەمیشە هەستی دەکرد، کە فریشتەی گیان کێشان لەبەردەمییەتی، ئەمەش یەکێک بوو لە دەردە بەردەوامەکانی ژیانی، بوو بەهۆی ئەوەی هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا بژیت و بەردەوام وڕێنە بکات، بۆیە کاتێک دەچێتە نەخۆشخانە لە خۆدواندنێکدا بە هێمنی بە خۆی گوت: (بەدڵنیاییەوە ئیزرائیل بەشێک لە ژیانی لێرەدا دەباتە سەر، لەم خەستەخانەیەدا) (عەلی،٢٨). لەبەر ئەوەی لە نەخۆشخانەدا بەهۆی نەخۆشییەوە ژمارەیەکی زۆر خەڵک دەمرن، ترس لەڕووداوی مردن و شوێنەکەش کە نەخۆشخانەیە تاڕادەیەک وای دەبینی بەهۆی ڕووداوی جیاجیاوە شوێنی مردنە، نیگەرانی ئەو کاراکتەرەیان زیاتر کردبوو، تووشی دڵەڕاوکێ و وڕێنەیان کردبوو هەستی دەکرد، کە هاتووەتە شوێنێکی هەڵەوە ئەو شوێنە شوێنێکی ناهۆگرە و بووە بەهۆی زیادبوونی دڵەڕاوکێیەکەی، چونکە پێی وابوو "ئیزرائیل" بەشێکی زۆری ژیانی لە نەخۆشخانە دەباتە سەر، بۆیە بەردەوام ناوی ئیزڕائیلی لەسەر دەم بووە. دوای ماندوو بوون لەو دڵەڕاوکێیە ویستی تۆزێک دڵنەوایی خۆی بکات، بۆیە لە خۆدواندنێکی تردا بە وڕێنەوە گوتی:(نا ئیزرائیل پیاوێکی بێ ئیش نییە) (عەلی، ٢٨). ئەو کاراکتەرە بەشێوەیەکی نائاگاییانە دەیەوێت لەڕێگەی ئەم خۆدواندنە، فشاری ئەو دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەی دەروونی خۆی کەم بکاتەوە، وەک کەسی دووەم دێت دڵدانەوەی خۆی دەکات و دەیەوێت لە ترسی شوێنەکە کەم بکاتەوە، بۆ ئەوەی دڵەڕاوکێیەکەی کەمتر بێتەوە. لە مۆنۆلۆگێکی ناڕاستەوخۆدا "خالید ئاموون" دوای بیستنی هەواڵی ئەوەی، کە "کامەرانی

سەلما" قوتابییەکی زانکۆی بە چەقۆ بریندارکردووە، کە ویستوویەتی ڕکابەری بکات لەسەر خۆشەویستی "سەوسەن فیکرەت"ەوە، بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە دڵی تاسان، ئەویش وەک ڕکابەرێک لەخۆشەویستی ئەم کچە تەواو تووشی دڵەڕاوکێ بووە. بەهیچ شێوەیەک نەیدەویست ئەم کچە ئەو هەواڵە بزانێت، کەسانی تریش هەن عاشقی بوون، هەرچەندە دواتر "خالید ئاموون" دڵنیا بوو کە "سەوسەن فیکرەت" ئاگاداری ئەم شەڕە نییە بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا بەردەوام لە دڵەڕاوکێیەکی گەورەدا بوو و دڵی دەلەرزی، لە ناو دڵەڕاوکێی ئەو عەشقەیدا لەبەر خۆیەوە، ئەوەی دووبارە کردەوە کە (ژنان بەم جۆرە عاشق نابن،.... قەت خۆشەویستی ئەوها شێتیان ناکات) (عەلی، ٤٢). لەڕووی سایکۆلۆجییەوە عەشقی کچەکە و ئەو ڕووداوانەی بەهۆی ئەم خۆشەویستییە لە دەوروبەرەکەیدا دروست بووبوون، بەهۆی ئەوەی ئەو کاراکتەرە دوچاری ترسی لەدەستدانی کچەکەی بێت و بەمەش هەمیشە هەستی بە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی دەکرد، وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونی و بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی دەروونی ئەم کاراکتەرە پەنا بۆ مۆنۆلۆگ و قسەکردن لەگەڵ خود دەبات.

لە مۆنۆلۆگێکی ناڕاستەوخۆی تردا کاتێک دوای هەشت ساڵ جارێکی تر "کامەرانی سەلما" دەچێتەوە داوای "سەوسەن فیکرەت" بەلای "سەوسەن فیکرەت"ەوە وەک ئەوە وابوو دونیایەک سووری گەورەی خواردبێت و چووبێتەوە سەر هەمان خاڵی پێشوو، "سەوسەن" کەوتە ناو دڵەڕاوکێ و دوودڵییەوە لە پرسی هەڵبژاردنی یەکێک لە داواکارییەکان، بیری لەوە دەکردەوە، کە کامە لەو داواکارییانە هەڵبژێرێت و ئەگەر هەشت ساڵ بەر لە ئێستا بڕیاری دابووا باشتر نەبوو؟ ئەگەر هەر ئەوکات "کامەرانی سەلمای" هەڵبژاردبووایە چی دەبوو؟ بەم شێوەیە ئەو کچە لە دڵەڕاوکێیەکی ئاڵۆزدابوو، دواتر هەر خۆی بە مۆنۆلۆگێک وەڵامی خۆی دەداتەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی: (نا نەدەکرا، دەبوایە زەمان و ئێمە هەموومان بەو هەموو پێچاوپێچەدا بڕۆین، تا بگەینە سەر ئەمڕۆ) (عەلی، ٣٨٤ ).

هۆکاری دروستبوونی ئەم مۆنۆلۆگە لە نائاگایی کاراکتەرەکەدا لە رووی سایکۆلۆجییەوە دەگەڕێتەوە بۆ دڵەڕاوکێ و نیگەرانی و وەسوەسە و بیرکردنەوەیەکی قووڵ لە ئێستاو ڕابردوو و پرسی هەڵبژاردنی داخوازیکەرێک بەسەر ئەوانی تردا، لە ڕێگای مۆنۆلۆگێکەوە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ناخی خۆی بداتەوە، کە بەهۆی ئەم دڵەڕاوکێیە دروست بوون، دەیەوێت خۆی بەوە ڕازی بکات، کە دەبووایە ئەوەندە ساڵە تێپەڕێت و بەو ڕۆژەی بگات. دروستبوونی ئەم مۆنۆلۆگە لە ناخیدا بۆتە هۆی ئەوەی "سەوسەن" لەم دڵەڕاوکێ و دوودڵییە و خەم و بیرکردنەوانەی ڕزگاری بێت.

**ئەنجامەکان**

١.یەکێک لەو تەکنیکانەی ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) بەکاریهێناوە ، وەک ئامرازێک بۆ چوونە نێو ناخی کاراکتەرەکان و هێنانە بەرهەستی لایەنی سایکۆلۆژییان تەکنیکی مۆنۆلۆگە واتە بەختیار عەلی هەوڵیداوە بەسوود وەرگرتن لەم تەکنیکە ڕۆبچێتە نێو دڵ و دەروونی کاراکتەر و شتە پەنگخواردوەکانی نێو دەروونیان بخاتەڕوو.

٢. مۆنۆلۆگی ناو ڕۆمانەکە لە جۆری ناڕاستەوخۆ و خۆدواندندایە، چونکە گێڕەرەوەکە لە جۆری گێڕەرەوەی هەموو شتزانە، دەچێتە نێو زەینیان و گوزارشت لە باری دەروونییان دەکات، بەمەش نەست و گۆشەکانی کەسایەتی نووسەر لەگەڵ نەستی کاراکتەرەکان ئاوێتە دەبێت و کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە دەبێت.

٣.هۆکارە سایکۆلۆژییەکان دۆخ و دەروونی کاراکتەرەکان و ڕۆڵیان هەیە لە دروستبوونی مۆنۆلۆگدا، چونکە کاراکتەرەکان لە حاڵەتە دەروونییە جیاجیاکاندا وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونی پەنایان بۆ ئەم تەکنیکە بردووە.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم– بە زمانی کوردی**

**أ. کتێب**

١. ئەلوەنی، نەجمر (٢٠١٧)، تیۆری کۆمەڵناسی ڕۆمان، چاپی یەکەم چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٢. ئەلوەنی، نەجم (٢٠١٥)، دەسەڵاتی حەکایەتخوان لە چیرۆکدا بە نموونەی کۆچیرۆکی "کێ وەستا کەریمی کوشت؟" چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٣. حسێن، قاسم (٢٠٠٢)، مرۆڤ لە روانگەی فرۆیدەوە، وەرگێڕانی: عەبدولمتەلیب عەبدوڵا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٤. حەمەد، یوسف عوسمان (٢٠٠٤)، دەروونزانی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی سەنتەری فکری و ئەدەبی نما، چاپخانەی ڕەنج، هەولێر
٥. خدر، ڕێزان رەحمان (٢٠١٢)، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی "عەبدوڵا سەراج"دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر
٦. ڕەسول، هەڵمەت بایز (٢٠١٢)، رەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
٧. شەکشەک، ئەنەس (٢٠١٢)، دەروونناسی گشتی، وەرگێڕانی: سەلاح سەعدی، چاپی یەکەم، زانست بۆ کتێب و چاپەمەنی، سلێمانی.
٨. عەلی، بەختیا (٢٠١٧)، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، چاپی چوارەم، چاپخانەی ئەندێشە، هەولێر.
٩. قەرەچەتانی، د. کەریم شەریف (٢٠٠٤)، سایکۆلۆژیای هەرزەکار و لاوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
١٠. قەرەچەتانی، د. کەریم شەریف (٢٠٠٧)، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١١. قەرەچەتانی، د. کەریم شەریف (٢٠٠٥)، سایکۆلۆژیای ڕێنماییکردنی دەروونی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
١٢. مازی، د. شکری عەزیز (٢٠١٠)، تیۆری ئەدەب، وەرگێڕانی: سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
١٣. مەلا زادە، ڕێبوار مەحەمەد (٢٠١٦)، نالی و سایکۆلۆژیای شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

١٤.یونکەر، پ. هێلمۆت (٢٠٠٨)، دەروونناسی ترس، وەرگێڕانی: ناسر سەلاحی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان .

**ب. نامەی ئەکادیمی:**

١٥. ئیبراهیم، سەمیر ئەحمەد (٢٠١٥)، هونەرەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (خەسرەو جاف)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، هەولێر.

١٦. پیرداود، شوان غازی (٢٠١٥)، تەکنیکی مۆنتاژلەڕۆمانی کوردیدا ڕۆمانەکانی (کاروان عومەرکاکە سوور)دا بە نموونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، هەولێر.

١٧. خورشید، بەهزاد فەتاح (٢٠١٥)، هونەری مۆنۆلۆگ لەڕۆمانەکانی "ڕێواس ئەحمەد"دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، هەولێر.

١٨. سەعید، جەلال ئەنوەر (٢٠١٠)، گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردی کرمانجی خواروودا (١٩٩١ز – ٢٠٠٣ز ) نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، سلێمانی.

**دووەم– بە زمانی عەرەبی:**

١٩. اسماعيل، د. عزالدين (١٩٨١)، التفسير النفسی للأدب، الطبعة الرابعة، دار العودة، بيروت.

٢٠. عبدالسلام، فاتح (١٩٩٩)، الحوار القصصی و تقنياته وعلاقاته السردية، طبعة العربية الاولی، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.

٢١. همفری، روبرت (٢٠١٥)، تيار الوعي في الرواية الحديثة، ترجمة : د. محمود ربيعی، طبعة الاولی، المركز القومي للترجمة ، القاهرة .

## الملخص

## مونولوج في رواية "قصر الطيور الحزينة" من منظور النقد النفسي

هذه الدراسة التي تحت عنوان (مونولوج في رواية "كۆشكی باڵنده غەمگینەكان/قصر الطيور الحزينة" ل بختيار علي من منظور النقد النفسي) عبارة عن دراسة تقنية المونولوج في الرواية من منظور النهج النقدي النفسي.

لقد أشير في هذه الدراسة بصورة عامة الى تقنية المونولوج في الرواية. بعد ان يتم عرض بعض الجوانب العامة والنظرية حول هذا المحور تقوم هذه الدراسة بالاشارة الى انواع وخصوصيات هذا الفن من منظور التحليل النفسي عن طريق محور اخر. لقد تم تحليل وتقيم هذا الفن بناءا على تركيبة زوايا شخصية الفرد. بعد ذلك تناول هذه الدراسة الجانب العملي لرواية قصر الطيور الحزينة في هذا الجزء من حيث العوامل٠ {النفسية لصناعة المونولوج الذي قام الشخصيات بعرضها و تحليلها نفسيا.

الكلمات المفتاحية: النقد النفسي، تقنية المونولوج، تعبير الذات، العقدة النفسية

## Abstract

### A monologue in the novel "The Palace of Sad Birds" from the perspective of psychological criticism

This study, which is entitled (The Palace of Sad Birds) by Bekhtiar Ali, is a technical study of monolog in the novel from the perspective of a psychological critical approach.

In general, this study referred to the monologue technique in the novel. Later, in another section a glance is given to some general and theoretical aspects of this art from the psychoanalytic perspective as. This art has been analyzed and evaluated on the basis of one's personal Angle structure. Then this study has examined the practical aspect of the Palace of Sad Bird novel in this section depending on the psychological factors of monologue making exhibited and psychoanalyzed by the characters.


Keywords: psychological criticism, monologue technique, self-expression, psychological plot